PAY INSTITUTE
For Education & Development

NED
National Endowment
for Democracy




# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

خولی چوارەمی پەرلەمان - خولی گرێدانی ساڵی سێیەم
(١ی ئازار ٢٠١٦ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٦)
راپۆرتی شەشەم

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی

NED

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

PAY

# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی سێیەم

(١ ی ئازار ٢٠١٦ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٦)

## راپۆرتی شەشەم

٭- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

٭- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

هاوکاران:

**م. ساکار عەزیز ڕەشید**
**م. محەمەد کەریم ئەحمەد**
**هونەر ئەحمەد حیسن**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**دڵپاك زرار ئەسعەد**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

ژمێریاری پرۆژە:

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**




PAY INSTITUTE
For Education & Development
ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم – باڵەخانەی لوارا – نزیك پردی خەسرەو خاڵ
تەلەفۆن: 07701564576 - 07701465733
ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.comsarwary74@yahoo.com -
فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

مافی بلاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٦


ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە

## ناوەرۆك


پێشەكی ........ ٥
هەڵسەنگاندنێكی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی بەهارەدا ........ ٧
یەكەم: پرۆسەی یاسادانان ........ ٧
دووەم: چاودێری حكومەت ........ ٧
سێیەم: پەسەندكردنی بودجە ........ ٧
لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان ........ ٨
یەكەم: نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان ........ ٨
خشتەی ( ١ ) راپۆرتی لیژنەكان ........ ٨
خشتەی ( ٢ ) ناوی لیژنەكان ........ ٨
دووەم: كۆبوونەوەی لیژنەكان ........ ٩
خشتەی ( ٣ ) كۆبوونەوەی لیژنەكان ........ ٩
سێیەم: لیژنە كاتیەكان ........ ١٠
خشتەی ( ٤ ) ئاستی كاری لیژنەكان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان كراوە لە سەرەتای دەستبەكار بوونی پەرلەمانەوە تا ٢٠١٦/٨/٣١ ........ ١١
خشتەی ( ٥ ) ئامادە بوونی ئەندامان لە كۆبوونەوەكانی لیژنەكانی پەرلەمان خولی بەهارەی ٢٠١٦ ........ ١٢
خشتەی ( ٦ ) پوختەی كاری پەرلەمان لە خولی بەهارەی ٢٠١٦ ی پەرلەمان ........ ١٤
رەوشی پەرلەمان لە روانگەی دەستەی سەرۆكایەتی و سەرۆكی فراكسیۆنەكانەوە ........ ١٧
هۆكارەكانی پەكخستنی پەرلەمان ........ ٣٥
كاریگەرییە خراپەكانی پەككەوتنی پەرلەمان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ........ ٣٧
رێكارەكانی كاراكردنەوەی پەرلەمان ........ ٣٨
ئە نجام ........ ٤٠
پاشكۆ: پوختەی كاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەكار بوونیەوە تا ئێستا ( ٢٠١٣/١١/٦- ٢٠١٦/٨/٣١ ) ........ ٤١

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

ئەمە نوێترین کاری پرۆژەی چاودێری پەرلەمانە، کە پێك هاتووە لەماڵپەڕێك بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) و لەداهاتووشدا بەزمانی ئینگلیزی دەبێت، ئەم ماڵپەڕە دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ بۆ دەنگدەر و توێژەران و میدیاکارانی کوردستان، لەم ماڵپەڕەدا سەرجەم ئەو زانیارییانە بڵاودەکرێنەوە کە تایبەتن بەکاری (یاسادانان و چاودێری و پەسەند کردنی بودجە)، هەروەها ئەژماری وردی ئەندامان لەسەر سەرجەم ئەرکەکانیان دادەنرێت، دەتوانرێت لەم پێگەیەوە بزانین نوێنەرانی گەل تا چەند بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن؟ تا چەند لەمەهامی کاری پەرلەمانی گەیشتوون و لە ئەرکەکانی تری وەك رۆژنامەوانی جیایان کردۆتەوە؟ کێن ئەوانەی ئەرکی سەرشانیان لە بواری چاودێری و یاسا دانان جێبەجێ دەکەن و بەپێچەوانەشەوە، ئەم پێگەیەش بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری پەرلەمان کە لەلایەن (NED)ەوە پاڵپشتی دەکرێت.



# پێشەکی

بە درێژایی تەمەنی حوکمڕانیی کوردی لە باشوری کوردستاندا وەك ئێستا بە قۆناغی ئاوا سەختدا تێنەپەڕیوە کە هۆکارەکانی زاتی و ناوخۆیی بن و خودی دەسەلآت و حزبە کوردییەکان هۆکاری سەرەکی بن، هەر لە قەیرانی سیاسی، یاسایی، کارگێڕی، دارایی و پەروەردەییەوە بیگرە تا قەیرانی کۆمەلآیەتی و بێ متمانەیی خەلك بەم دەسەلآتە. سەرباری هەموو ئەمانە بوونی مەترسیی دەولەتی تیرۆریستیی ئیسلامیی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان. کە زەرەر مەندی سەرەکیش لە بەڕێوەچوونی ئەم رەوشەدا کۆمەلآنی خەلکی کوردستان و پرۆسە دیموکراسیەکەو ئەزموونەکەمانە کە بەهۆیەوە سومعەی سیاسیی هەرێم لە کۆمەلگەی نێودەولەتیدا لەکەدار بووە.

یەکێ لەو دەزگا گرنگانەی کە رۆلی سەرەکیی هەبووە لە گۆڕەپانی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا پەرلەمان بوو، بەلآم بەهۆی ئەم قەیرانگەلەوە ئەم دەزگا گرنگەش پەکخراوە.

**ئینستتیوتی پەی** بۆ پەروەردەو گەشەپێدان لەسەرەتای ئەم خولەوە چاودێری پەرلەمانی کردووە، کە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی ئەوە بووە بە دەنگ دەری کوردستان بلێت ئەدای نوێنەرەکانیان لەپەرلەماندا چۆنە، و شەفافیەت لەئەرکی پەرلەمانی درووست بکات، بە ڕای گشتی بلێت پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك ( یاسا دانان، چاودێری، پەسەندکردنی بودجە) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەرێوەدەچن. ئێمە لە **پەی** دەمانەوێت هاوکاری پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان بین، ئەویش بە بلآوکردنەوەی زانیاری روون و ورد لەسەر پەرلەمان و ئەدای ئەو دەزگایە بەدەنگدەری لایەنەکان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاری چالاك لە ناچالاك جیا بکرێتەوە و فشاریکی مەدەنیش درووست بکەین بۆ سەر ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەئەرکی خۆیان وەك پێویست هەلناستن. بەکورتی ئەو پرۆژەیە ئامانجیەتی پەرلەمانتار و دەنگدەر پێکەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی نێوان رای گشتی و ئەو دەزگا نیشتیمانیە بەهێز بکات.

**ئینستتیوتی پەی** لەسەر هەلسەنگاندنی خولی چواری پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا (٦) راپۆرتی بلآوکردۆتەوە، (٣) راپۆرتیان بە هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پالپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی ئامادە و چاپکراوە، و (٣) راپۆرتیشیان خۆبەخشانە لەلایەن ئینستتیوتەوە ئامادەکرا و دوو لەو راپۆرتانەش بەسوپاسەوە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانەوە چاپ کراون.

ئەم راپۆرتە سەبارەت بە ئەداو کار و پێگەی پەرلەمانی کوردستانە لە لەکاتی بەناو خولی بەهارەی ٢٠١٦ کە خولەکە نەکرایەوە، مەبەستی ئێمە چاودێری کارەکانی پەرلەمانە و خوازیارین ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەلسێت و لەئاست متمانەی کۆمەلآنی خەلکی کوردستاندا بێت و رۆلی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، رێگە لە پێشێلکارییەکانی بگیرێت و رێگەش نەدرێت هیچی تر لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە رێگریی لێبکرێت و پەکی بخرێت، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەلآتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلگەو بەدامەزراوەیی کردنی دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو رێکخراوەکانی تری کۆمەلگەی مەدەنی، پالپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

لەوەیە ئەو پرسیارەمان ئاراستە بکرێت کە لەئێستادا ڕاپۆرتەکانی چاودێری بۆ بڵاودەکرێتەوە؟ لەکاتێکدا پەرلەمان پەکی کەوتووە، وەڵامەکەشی لای ئێمەوە ئەوەیە، پرۆسەی چاودێری کردن سەرجەم کارەکانی پەرلەمان دەگرێتەوە، لەئێستادا دانیشتنەکان پەکی کەوتووە، بەڵام دەکرا کۆبوونەوەی لیژنەکان بەردەوام بێت و ئەو دەیان پرۆژە یاسایانەی کە لەلیژنەکان کەوتوون و ڕاپۆرتیان لەسەر نەنوسراوە ئیشیان لەسەر بکرایە، کە مێژووی ژمارەیەك لەو ڕاپۆرتانە بۆ سەرەتای دەست بەکاربوونی خولی چوار دەگەڕێتەوە، ئەوە لای ئێمە پرسیاریکی جەوهەرییە کە بۆچی لە ئێستادا پەرلەمانتاران ئیش لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە ناکەن کە ئاراستەیان کراوە، ئەوە لەکاتیکدا بەرچاوی هەموانە لەگەڵ دەست بەکاربوونی ئەم خولە پەرلەمان پرۆژە باران کرا لەلایەن ئەندامانەوە! ئەگەر هەر پەرلەمانتارێکیش بیانوی نەمانی شەرعیەتی و پەککەوتنی سەرۆکایەتی بکاتە بەهانە بۆ کار نەکردن، زۆر دوورە لە ڕاستیەوە لەبەر ئەوەی بەشێك لەوانەی لە لیژنەکانیاندا کار ناکەن ئیفاد دەبن بۆ دەرەوەی وڵات بەکاروباری لیژنەکانیان و کونسلگەری وڵاتانیشان تەواو بێزار کردووە بە تەکلیفی وەرگرتنی فیزا بۆ سەفەر بۆ خۆیان و کەس و کاریان، پاشان ئەوان هەموو ئیمتیازەکانی ئەندامی پەرلەمان مومارەسە دەکەن، کەواتە کار نەکردن لە لیژنەکانیان و ئەنجام نەدانی ئەرکی سەرشانیان بە کەم تەرخەمی ئەژمار دەکرێت و ئیشی ئێمەش ئەوەیە ئەوە تۆمار بکەین. چونکە ئومێدمان هەیە پەرلەمان بکەوێتەوە سەر ڕێچکەی کاری خۆی، هەر بۆیەشە ئێمە بەردەوام دەبین و ئەو بەرپرسیاریەتیە جێبەجێ دەکەین.

لە تازەترین هەنگاویشماندا (**ڕوانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان**) دەکەوێتە کار، کەپێك هاتووە لەماڵپەڕێك بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) و لەداهاتووشدا بەزمانی ئینگلیزی دەبێت، ئەم ماڵپەڕە دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ بۆ دەنگدەر و توێژەران و میدیاکارانی کوردستان، لەم ماڵپەڕەدا سەرجەم ئەو زانیارییانە بڵاودەکرێنەوە کە تایبەتن بەکاری (یاسادانان و چاودێری و پەسەند کردنی بودجە)، هەروەها ئەژماری وردی ئەندامان لە سەر سەرجەم ئەرکەکانیان دادەنرێت، کەواتە دەتوانین لەم پێگەیەوە بزانین نوێنەرانی گەل تا چەند بەلێنەکانی کاتی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن؟ تا چەند لەمەهامی کاری پەرلەمانی گەیشتوون و لە ئەرکەکانی تری وەك ڕۆژنامەوانی جیایان کردۆتەوە؟ کێن ئەوانەی ئەرکی سەرشانیان لە بواری چاودێری و یاسا دانان جێبەجێ دەکەن و بەپێچەوانەشەوە، ئەم پێگەیەش بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری پەرلەمان کە لەلایەن (NED)ەوە پاڵپشتی دەکرێت.

**ئینستتیوتی پەی** بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، بەردەوام دەبێت لەسەر هەریەك لە پرۆژەکانی (چاودێری پەرلەمان و وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا) کە بە درێژای تەمەنی خۆی کاری لەسەر کردوون و هەوڵ دەدات بەشێك لە ئەرکە ڕێکخراوەی و مەدەنیەکەی ڕاپەڕێنێت و ببێتە وێستگەیەك بۆ فشاری مەدەنی لەسەر دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان. ناکرێت پشتیوانی و هاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەو پەرلەمانتارانەش نادیدە بگرین کە خۆیان بەخاوەنی پرۆژەکە زانیوەو لە نزیکەوە هاوکارییان کردووین، کە هەم جێی خۆشحاڵییە سوپاسیان دەکەین و هەم وزەی بەردەوامی پرۆژەکەشن.

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ئەیلولی ٢٠١٦**

# هەڵسەنگاندنێکی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی خولی بەهارەدا

## ( ١ ی ئازاری ٢٠١٦ تا ٣١ ی ئابی ٢٠١٦ )

کاری پەرلەمان لە سێ پایەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتی یە لە (یاسادانان، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەسەند کردنی بودجە):

**یەکەم: پرۆسەی یاسادانان:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکی خراوە، لەم خولی گرێدانەدا نە هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان کراوەو نە هیچ یاساو بڕیارێکیش پەسەند کرا.

**دووەم: چاودێری حکومەت:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکی خراوە لەم خولی گرێدانەدا، لەپرۆسەی چاودێری کردنی حکومەتدا هیچ چالاکییەکی نەبووەو ئەندامان بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون.

**سێیەم: پەسەندکردنی بودجە:**

لەپەسەندکردنی بودجەدا پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نەبووەو ماوەی سێ ساڵە (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) پەرلەمان بودجەی پەسەند نەکردووە.

# لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان

پەرلەمانی كوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێكهاتووە، كە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێكهێنانی لیژنەكان دەكات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەكەی بەشداری ئەم لیژنانە دەكات. هەر لیژنەیەكیش نابێت لە (٥) ئەندام كەمتر پێكهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، كاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژە و كارەكانی حكومەت و چوونە ناو خەڵكی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە كێشەكانیان.

لیژنەكانی پەرلەمان لەماوەی خولی گرێدانی بەهارەی (٢٠١٦) دا پوختەی كارەكانیان ئەمانەن:

**یەكەم: نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان:**

تا ئێستا (٢٢٦) پرۆژە یاساو بڕیار پێشكەش بە پەرلەمان كراون، لەوانە (١٥٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەكان كراون، (٧١) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەكراوە. لە كۆی ئەو پرۆژانە لەتەمەنی خولی چوارەمی پەرلەماندا كە سێ ساڵە تا ئێستا تەنها (١٨) یاسا و (٧) بڕیار پەسەند كراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە. لەماوەی ئەو بەناو (خولی بەهارەی ٢٠١٦)دا تەنها لیژنەی (كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان) یەك راپۆرتی نوسیووە لەسەر پرۆژە یاسای (چاودێریكردنی ناكامەكان).

* ناوی ئەو لیژنانەی لەسەرەتای دەستبەكاربوونی پەرلەمانەوە تا (٢٠١٦/٨/٣١) راپۆرتیان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە نەنووسیوە كە ئاراستەیان كراوە:

**خشتەی (١) راپۆرتی لیژنەكان**

| ز | ناوی لیژنە |
|---|---|
| ١ | داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت |
| ٢ | بازرگانی و پاراستنی مافەكانی بەكاربەر |
| ٣ | پەیوەندییەكان و كاروباری رەوەندی كوردی |

* ناوی ئەو لیژنانەی لەسەرەتای دەستبەكاربوونی پەرلەمانەوە هیچ پرۆژە یاساییەكیان ئاراستە نەكراوە.

**خشتەی (٢) ناوی لیژنەكان**

| ز | ناوی لیژنە |
|---|---|
| ١ | وەرزش و لاوان |
| ٢ | ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |

## دووەم : کۆبوونەوەی لیژنەکان:

١- لەماوەی خولی بەهارە (چوار مانگدا) دا لە کۆی (٢٢) لیژنە تەنها (٩) لیژنە کۆبوونەوەیان کردووە، هەندێك لە کۆبوونەوەکانیش نیسابی یاساییان نەبووە.

٢- لیژنەی وەرزش و لاوان لە خولی بەهارەدا (٤) کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام تەنها سەرۆك و جێگری لیژنە ئامادەبوون، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمە بە کۆبوونەوە ئەژمار ناکرێت بەهۆی نەبوونی نسابەوە.

**خشتەی (٣)**

**کۆبوونەوەی لیژنەکان**

| ز | ناوی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | ٨ |
| ٢ | پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٨ |
| ٣ | پاراستنی ماف بەکاربەر | ٤ |
| ٤ | وەرزش و لاوان | ٤ |
| ٥ | کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ٣ |
| ٦ | کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ١ |
| ٧ | ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ١ |
| ٨ | ئاسەوار و خزمەتگوزار بیەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | ١ |
| ٩ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆ جیبیەکان | ١ |
| | **سەرجەم** | ٣١ |

**سێیەم: لیژنە کاتیەکان:**

لە پەرلەمانی کوردستان چەند لیژنەیەکی کاتی دروستکران، هەندێك لەو لیژنانە تائێستا ئەنجامی کار و لێکۆڵینەوەکەیان ئاشکرا نەکراوەو تەواو نەکراون، وەك:

یەکەم: پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو رووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە رۆژی (٢٠١٤/٤/٣٠ و رۆژانی دوای رویاندا) لە (٢٠١٤/٥/٤) بە بڕیاری ژمارە (٣). ئەم لیژنەیە کارەکانی تەواو کردووە راپۆرتی خۆی نووسی و پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەڵام پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی کارەوە.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان. لە (٢٠١٤/٩/٢٣) بەبڕیاری ژمارە (٢٢). ئەم لیژنەیە هیچ کارێکی نەکرد و دواتر بە بڕیارێکی پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە.

سێیەم: لیژنەی ئامادەکردنی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان. ئەم لیژنەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا لە (٢٠١٥/٥/٢٥) تا (٢٠١٥/٨/٢٨) واتە (٩٠) ڕۆژ، کارەکانی پێتەواو نەکرا و تەنها (٧٤) ماددەی ڕەشنووسی دەستووری ئامادە کرد. لیژنەکە داوای (٩٠) ڕۆژی تری کرد بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، بەڵام پەرلەمان درێژی نەکردەوە.

## تێبینی لەسەر پێکهاتەی لیژنەکان

لە راپۆرتی ژمارە (٥) دا لە (١٦) خاڵدا بەراوردێکمان کردبوو لەنێوان زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمان، هەڵەو کەم و کوڕیی پێکهاتەی لیژنەکانمان دەستنیشان کردبوو، کە بەشێکی پەیوەندیی بە راگەیاندن و ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمانەوە هەبوو، ئەوەی جێگەی سەرنجە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هەڵەو کەموکوڕییەکان هەر وەك خۆیان ماون.

## خشتەی (٤)

## ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە

## لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ٢٠١٦/٨/٣١

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی پرۆژە یاسا کە ئاراستەی لیژنە کراوە | ژمارەی ئەو پرۆژانەی را پۆرتیان لەسەر نوسراوە | ڕێژەی پرۆژە یاسا کە را پۆرتیان لەسەر نوسراوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ١٥٥ | ٤٠ | ٪٢٥.٨٠ |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | ٤٦ | ٩ | ٪١٩.٥٦ |
| ٣ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان | ٢١ | ٩ | ٪٤٢.٨٥ |
| ٤ | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | ٧ | ٥ | ٪٧١.٤٢ |
| ٥ | داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | ٨ | - | ٪٠ |
| ٦ | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ٩ | ٤ | ٪٤٤.٤٤ |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگە | ١٤ | ٥ | ٪٣٥.٧١ |
| ٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ١٦ | ١٦ | ٪١٠٠ |
| ٩ | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٣ | ١ | ٪٣٣.٣٣ |
| ١٠ | رۆشنبیریی و راگەیاندن و هونەر | ٧ | ٣ | ٪٤٢.٨٥ |
| ١١ | ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٩ | ٩ | ٪١٠٠ |
| ١٢ | کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ٢١ | ٢ | ٪٩.٥٢ |
| ١٣ | مافەکانی مرۆڤ | ١٩ | ٥ | ٪٢٦.٣١ |
| ١٤ | پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | ٩ | ٥ | ٪٥٥.٥٥ |
| ١٥ | ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گەیاندن و گەشت و گوزار | ٥ | ٤ | ٪٨٠ |
| ١٦ | بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | ٣ | ٠ | ٪٠ |
| ١٧ | وەرزش و لاوان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٨ | دەسپاکی (نەزاهەت) | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٩ | کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ٤ | ٢ | ٪٥٠ |
| ٢٠ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢١ | کاروباری پەرلەمان | ٢ | ١ | ٪٥٠ |
| ٢٢ | پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | ٢ | ٠ | ٪٠ |
| | **سەرجەم** | ٣٦٢ | ١٢١ | ٪٣٣.٤٢ |

**خشتەی (٥)**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارەی ٢٠١٦**

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی ئەندامان | ژمارەی کۆبوونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ١١ | ٠ |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | ١١ | ٠ |
| ٣ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ١١ | ١ |
| ٤ | کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | ١٠ | ٨ |
| ٥ | داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | ٧ | ٠ |
| ٦ | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ١١ | ٨ |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگە | ٩ | ٠ |
| ٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ١٠ | ١ |
| ٩ | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٧ | ٠ |
| ١٠ | رۆشنبیریی و راگەیاندن و هونەر | ٥ | ٠ |
| ١١ | ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٧ | ١ |
| ١٢ | کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ١١ | ٠ |
| ١٣ | مافەکانی مرۆڤ | ١٠ | ٠ |
| ١٤ | پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | ١١ | ٠ |
| ١٥ | ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گەیاندن و گەشت و گوزار | ١٠ | ١ |
| ١٦ | بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | ٧ | ٤ |
| ١٧ | وەرزش و لاوان | ٧ | ٤ |
| ١٨ | دەسپاکی (نەزاهەت) | ٩ | ٠ |
| ١٩ | کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ٩ | ٣ |
| ٢٠ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٨ | ٠ |
| ٢١ | کاروباری پەرلەمان | ٩ | ٠ |
| ٢٢ | پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | ٩ | - |
| | **سەرجەم** | | ٣١ |

## تێبینییەکان سەبارەت بە خشتەکانی ژمارە ( ٢ ) و ( ٣ )

١- لەماوەی خولی بەهارە (چوار مانگ)دا لە کۆی (٢٢) لیژنە تەنها لیژنە (٩) کۆبوونەوەیان کردووە.

٢- لیژنەکان سستن لە ئەنجامدانی کارەکانیان و وەك پێویست بەدواداچونیانن بۆ کارەکانی حکومەت نەکردووە.

٣- کۆبوونەوەکانیان بەپێی پێویست نییە، بەبەراورد لەگەڵ ئیشوکاری هاووڵاتیانو ئەو گرفتانەی هەنو ئەو پرۆژانەی رووبەڕوویان کراوەتەوە.

٤- رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامان لەکۆبوونەوەکانی هەندێ لیژنەدا زۆر و بەرچاوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کاری لیژنەکە هەیە.

٥- لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا (١٣) لیژنە کۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە، لیژنەکانی (یاسایی، دارایی، داکۆکی لەمافەکانی ئافرەت، کاروباری تەندروستی و ژینگە، ئاوەدان کردنەوە، رۆشنبیری و راگەیاندن، کاروباری پێشمەرگە، مافەکانی مرۆڤ، پیشەسازی و وزە، دەست پاکی، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوە، کاروباری پەرلەمان، پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردی) هیچ کۆبوونەوەیەکی لیژنەیان ئەنجام نەداوە.

٦- لە ماوەی خولی بەهارەدا لیژنەکانی (ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، شارەوانی)، تەنها یەك کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

٧- لە ماوەی خولی بەهارەدا لیژنە (کاروباری کۆمەڵی مەدەنی) سێ کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

٨- لە ماوەی خولی بەهارەدا لیژنەکانی (وەرزش و لاوان، بازرگانی و ماف بەکاربەر) چوار کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە.

٩- لە ماوەی خولی بەهارەدا لیژنەی (کشتوکاڵ و پەروەردە) هەشت کۆبوونەوەی ئەنجام داوە.

١٠- پرۆسەی پەکخستنی پەرلەمان کاردانەوەی هەیە لەسەر پەکخستنی کاروباری لیژنەکان.

١١- لەکۆی سەرجەم لیژنەکاندا تەنها لیژنەی (پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی) هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە کاروباری لیژنەکەی ئاشکرا نەکرد، هەرچەندە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی کاروباری پەرلەمانیشەوە داوای لێکرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی پێویستمان لەسەری دەست کەوت وەك لەم راپۆرتەدا باسی لێوە کراوە.

**خشتەی ( ٦ )**

**پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٦ی پەرلەمان**

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٠ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٠ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٠ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٠ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٦ | ٠ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٠ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٠ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٣١ |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لە خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٦ | ١ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٢٤١ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |

## تێبینییەکان لەسەر خولی بەهارەی ٢٠١٦

**یەك:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا و پێشتریش لە (٢٠١٥/١٠/٦)ەوە تا ئێستا هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان نەکراوە، کە ئەمەش لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا ناگونجێت.

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە نزیکەی سێ ساڵ دەبێت، تەنها (١٨) یاسا و (٧) بڕیاری دەرکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٥٥) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ:** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[1]

**چوار:** هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگی پەرلەمان نەکراوە.[2]

**پێنج:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە ساڵانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێرییش بەدواداچوون بکات.

**شەش:** لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٣٦٢) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەڵام تەنها (١٢١) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٤١) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.[3]

---

[1] لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢- ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

[2] لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەلاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢- سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەلاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

[3] لە بڕگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی (٥) رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

**حەوت:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا لیژنەکان (٣١) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە.

**هەشت:** وەك تێبینی دەکرێت رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە نابینرێت.

**نۆ:** یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، بە (یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) ماوەکەی درێژ کرابوویەوە، لە (٢٠١٦/٧/١٦) ماوەکەی بەسەر چوو، و دەبووایە درێژ بکرێتەوە بەڵام نەکراو ئەمەش بووە مایەی ئەوەی بۆشاییەکی یاسایی لەم لایەنەوە دروست بێت.

**دە:** یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٨) ی بە کرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان–عیرق، کە بە یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١٥) بۆ ماوەی ساڵێك راگیرابوو و لە رۆژی (٢٠١٦/٧/١٥) راگرتنەکە کۆتایی هات، پێویست بوو پەرلەمان یا ئەو یاسایە هەموار بکات یاخود ماوەی درێژکردنەوەکە نوێ بکاتەوە، بەڵام بەهۆی پەککەوتنی پەرلەمانەوە نەکراو ئەمەش لەم بارودۆخە قەیراناوییە گرفتێکی زۆری بۆ خەڵکی هەژار و کرێچیان دروستکردووە.

## رەوشی پەرلەمان لە روانگەی دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە

خولی چوارەمی پەرلەمان کە لە (٢٠١٣/٩/٢١) هەڵبژاردنی بۆ کراو لە (٢٠١٣/١١/٦) یەکەم کۆبوونەوەی دەستپێکی ئەنجامداو ئەندامان سوێندی یاساییان خوارد و ئیتر هیچ کۆبوونەوەیەك نەکرا تا لە (٢٠١٤/٤/٢٩) دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرا.

هەرچەندە ئەم خولەی پەرلەمان زۆرترین گرفت و لەمپەری لەبەردەم دروستکراو هەر لەسەرەتای دەستپێکیەوە بە ململانێ و کێبەرکێیەکی نائاسایی دەستی بەکارەکانی کرد و بەبەراورد لەگەڵ خولەکانی پێشوو کەمترین یاساو بڕیاری پەسەند کردووەو کەمترین ئەرکی پەرلەمانی ئەنجامداوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەزگایەکی شەرعیی هەرێم و دارێژەری یاسا کۆکەرەوەی هێزە سیتسیەکان بوو لەرێگەی سندوقی دەنگدانەوەو بوونی زەرور بوو، کەچی لەئەنجامی ئەو ململانێیە لە رۆژی (٢٠١٥/١٠/١٢) دا کاتێك رێگری لە سەرۆکەکەی کرا بەتەواوی ئەم دەزگایە پەکی خراو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت لەکار کەوتووە. کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی ناوخۆیی و دەرەکی لێکەوتۆتەوەو وەك لەکەیەکی ناشیرین بەنێوچاوانی ئەزموونی حوکمرانیی کوردی سەیر دەکرێت.

بەمەبەستی بەدواداچوون و دۆزینەوەی هۆکارەکان و دەرخستنی کاریگەرییە خراپە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی پەکخستنی و دەستنیشانکردنی رێگاکانی کاراکردنەوەی پەرلەمان، وەك ئینستتیوتی پەی لەچوارچێوەی پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانندا سێ پرسیارمان ئاراستەی هەریەك لەبەرێزان لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان کرد، بەئامانجی تێگەیشتنی زیاتر لەهۆکارو و دەرەنجام و چارەسەری دۆخەکە، کە پێکهاتوون لە:

**پرسیاری یەکەم:** بۆچی پەرلەمانی کوردستان پەکخرا ؟

**پرسیاری دووەم:** کاریگەرییە خراپەکانی پەکەوتنی پەرلەمان چین لەسەر ئاساتی ناوخۆ و دەرەوە؟

**پرسیاری سێیەم:** چۆن پەرلەمان کارا بکرێتەوە؟

لەوبارەیەوە بەرێز **د.یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**، وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** پەککەوتنی پەرلەمان چەند هۆکارێکی هەیە، یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە کەتائێستا هەندێك لەحزبەکان توانای ئەوەیان هەیە فەرمان بەهێزە چەکدارەکانی هەرێم بکەن بۆ سەرخستنی ئەجێندای تایبەت بەخۆیان، هەتا ئێمە دەستی حزب لەناو هێزە چەکدارەکانی هەرێم کورت نەکەینەوە و وەها بکەین هیچ حزبێك نەتوانێت بەکاریان بهێنێت لەململانێ ناوخۆییەکان ئەوە بەدڵنیاییەوە دۆخی هەرێم هەربەم شێوەیە دەبێت و دامەزراوەکان ناتوانن بەو شێوەیەی کە یاسا دەیەوێت کاری خۆیان جێبەجێ بکەن.

هۆكارێكی تری پەكخستنی پەرلەمان، ئەوەیە بەرێز (مەسعود بارزانی) دەیەوێت لەدەرەوەی یاسا درێژە بەحوكمی خۆی بدات و شەرعیەتێكی یاسایی بۆ مانەوەی خۆی مسۆگەر بكات، بەڵام پەرلەمانی كوردستان ئەمەی نەكرد بەڵكو پێنج فراكسیۆن پرۆژە یاسایان پێشكەشكرد بۆ هەمواری یاسای سەرۆكایەتی بەشێوەیەك كەبتوانین سەرۆكێكی نوێ بۆ هەرێمی كوردستان هەڵبژێرین، بەرێز بارزانی و حزبەكەی زۆر هەوڵیاندا لەرێگەی فشار لەسەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران ئەم پرۆسەیە لە پەرلەمان پەكبخەن، بەڵام ئەمە سەركەوتوو نەبوو، لەهەمان كاتیشدا كاتێك (٨/١٠/٢٠١٥) وتوویژەكان بەبنبەست گەیشت، لایەنەكان رایانگەیاند ئەم پرسە دەبەنەوە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەم پرسە لەپەرلەمان موناقەشە نەكریتەوە پەرلەمانیان پەكخست، خاڵێكی تر كە هۆكارە بۆ پەكخستنی پەرلەمان، پەیوەندی بەوەوە هەبوو پەرلەمانتارانی ئەم خولە چالاك بوون لەچاودێری حكومەت، تاگەیشتە ئاستی هەوڵدان بۆ لێپرسینەوە لەوەزیرەكانی حكومەت، بەتایبەت وەزیری سامانە سروشتیەكان، بۆیە سەرۆكی حكومەت داوای لەوەزیرەكان كرد كەنەچنە بەردەم پەرلەمان، بەڵام پەرلەمان لە هەمواری پەیرەوی ناوخۆ ئەوەی دانا كەبەغیابیش بێت لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەكان بكرێت، بۆ ئەوەی ئەوە روونەدات دیسان هەوڵی پەكخستنی پەرلەمانیاندا، هۆكارێكی تر ئەوەیە كە پایتەختی هەرێم داگیركراوە یەك هێزی سیاسی لەكوردستان هەژموونی ئەمنی و چەكداری بەسەریەوە هەیە، لێرەوە سەرجەم دامەزراوەكانی حوكم لەهەرێمی كوردستان ئیرادەیان زەوتكراوە، یەك هێزی حزبی باڵا دەستە بەسەر هەولێری پایتەختدا، ئەمەش وادەكات هەركاتێك ئەم دامەزراوانە هەوڵبدەن كارێك بكەن پێچەوانەی خواستی ئەم حزبە بێت هەرچەند قانونیش بێت ئەوا ئەم حزبە تەدەخول دەكات بۆ پەكخستی ئەو پرۆسەیە، ئەمانە هەمووی هۆكاری پەكخستی پەرلەمان بوون.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** سەبارەت بەپرسیاری دووەم، پرۆسەی دیموكراسی لەكوردستان بەتەواوی پەكی كەوتووە، ئێستا ناتوانین باس لەشتێك بكەین بەناوی دیموكراسی لەهەرێم، چونكە پەرلەمان كەسەرچاوەی شەرعیەتی كۆی دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستانە بەسەرۆكایەتی ماوە بەسەرچووی هەرێمیشەوە، چونكە سەرۆكی هەرێم لەخولی پێشووی پەرلەمانەوە ماوەكەی بۆ درێژكرایەوە، كاتێك سەرچاوەی شەرعیەتی دامەزراوەكانی هەرێم كە پەرلەمانە پەكی كەوتووە، كەواتە دیموكراسی لەهەرێم پەكی كەوتووە، ئێستا خەڵك متمانەی بە كۆی دامەزراوەكانی هەرێم نەماوە.

یەكێك لەكاریگەرییە ناوخۆییەكانی ئەو پەكخستنە ئەوەیە، ئەوان ویستیان خەڵك و پەرلەمان تەرێك بكەن لەدروستكردنی بڕیاردا، ئەگەر نا پەرلەمان هەبوایە ئەم حكومەتە نەیدەتوانی بەناوی پاشەكەوتەوە مووچەی خەڵك ببڕێت، بەڵكو ئێستا وەزیرەكانی لەبەردەم پەرلەماندا لێپرسینەوەیان لێ كرابوو و رەنگە وەزیریشی تیادابوایە كەمتمانەی لێ بەسەندرایەتەوە، هەربۆیە بارگرانیەكی گەورە كەوتۆتە سەرشانی خەڵك بەهۆی نەبوونی پەرلەمانەوە، چونكە پەرلەمان ئیستا ناتوانێت بەدواداچوون بۆ كارەكانی حكومەت بكات.

لەئاستی دەرەوەش، ئێمە تایبەت مەندییەکمان نیە لەناوچەکەمان جیا بکاتەوە، سەرەڕای قوربانیدانی هێزەکانی نەتەوەکەمان لە پێشمەگەر و شەرڤانان و گەریلا لەدژی داعش کە ئەمە سمبولێکی گەورەی نەتەوەییە، بەڵام لای ئێمە پەکخستنی پەرلەمان و پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێم و ئامادەنەبوونی لایەنێك بۆ ئالۆگۆری ئاشتیانەی دەسەڵات وای کردووە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەچاوێکی ترەوە لەهەرێمی کوردستان بڕوانن، بەچاوی شەریك لەشەڕی دژی داعش سەیرمان ناکەن، بەڵکو بەچاوی شەڕکەر لەشەڕی دژی داعش سەیرمان دەکەن، ئەمە سەنگ و قورسایی کوردی لەئاستی نێودەوڵەتی کەم کردۆتەوە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** دەربارەی چارەسەر، من پێم وایە هەموو ئەو شتانەی باس دەکرێت بۆ چارەسەری دۆخی پەرلەمان میتۆدی هەڵەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێستا لەکوردستان هاتۆتە ئاراوە، پێویستە بەمیتۆدێکی تر هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین هەتا هەولێر لەژێر یەك ئیرادەی حزبیدا بێت ئەوە بەدڵنیاییەوە ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین کەپەرلەمانێکی چالاکی دڵخوازی خەڵکمان هەبێت، دەسەڵاتێکمان هەبێت لەخزمەتی خەڵك بێت، بەڵکو هەمیشە دەزگاکانی حوکم لەهەرێم لەقازانجی یەك حیزبدا دەبێت، ئەوە پەرلەمان لەم خولەی ئێستا ویستی پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوە پەکیان خستووە، بۆیە میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخەدا ئەوەنیە کە ئایە پەرلەمان کارا دەبێتەوە یان نا؟ ئایە وەزیرەکانی دەگەڕێنەوە یان نا؟ بەڵکو دەبێت ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی پەکخستنی پەرلەمان چارەسەر بکرێن، تا ئەو هۆکارانە چارەسەر نەکرێن نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین لەکارا کردنەوەی پەرلەمان بەم سەرۆکایەتیەی ئێستاشەوە شتێکی گەورە ببینین، چونکە ئێستا دەسەڵاتدارانی هەرێم رووی راستەقینەی خۆیان کەشف کرد، ئەوەی پێشتر لەژێر پەردەوە دەیانکرد ئێستا خستویانەتە سەرپەردە، نەیانتوانی شەرعیەت بۆ کارە ناشەرعیەکانی خۆیان لەپەرلەمانەوە وەربگرن، بۆیە ئەوەی هەڕەشەیان لێ دەکرد لەماوەی رابردوو ئەوەیان کرد و پەرلەمانیان پەکخست، ئێستاش بەبێ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لەپەرلەمان هیچ چارەسەرێکی تر گونجاو نیە، دەکرێت هەموو فراکسیۆنەکانی تری غەیری پارتی ئیرادەی ئەوەیان هەبێت و بەو دۆخە رازی نەبن و لەدەرەوەی هەولێر کۆببنەوە و کۆتایی بەو کودەتایە بهێنن.

بەرێز د.**جەعفەر ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان**، لەم بارەیەوە وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** سەبارەت بەهۆکاری پەکخستنی پەرلەمان، تێکدانی تەوافوقی سیاسی پێشوەختە لە نێوان پارتی و گۆڕان هۆکاری سەرەکی پەکەوتنەکەیە.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی ناوخۆ و لاوازبوونی راپەڕاندنی ئیش و کاری حکومەت و دامودەزگاکانی فەرمیی هەرێم بەلاوازبوونی بازاڕ.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** سەبارەت بە چۆنیەتی کارا کردنەوەی پەرلەمانیش، ڕێککەوتن و دارشتنی ڕێککەوتنێکی سیاسیی نوێ لە نێوان پارتی و گۆڕان لەسەر بنەمای تەوافوق لە پەرلەمان و شەراکەت لە حکومەتدا لە دوای دانوستاندێکی راشکاوانە و گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوانیادا.

بەڕێز **فەخرالدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان**، لەم بارەیەوە وتی:

خولی چواری پەرلەمانی کوردستان بەهەندێك تایبەتمەندیەوە دەستیپێکرد، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین خولی چوار یەکەم خول بوو ئەندامەکانی بەسیستمی نیمچە کراوە هەڵبژێردرابوون، بۆیە ئەندامی پەرلەمان دەیویست زیاتر لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی خەڵك ئاویتەببێت، ئەوە یەکێکە لەتایبەت مەندیەکانی، پاشان ئەو دۆخەی لەسەرەتای تەشکیلە بوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت درووست بوو دۆخێکی سیاسیی ئالۆز بوو، ئەم خولەی پەرلەمان بەروحیەتێکی زۆر یاساییانە کارمان لەگەڵ پرسەکاندا کرد، هەڵبەت لەگەڵ ئەوەش نیم کە بڵێن ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەمویان هەوری بێ پەڵەو بەفری بێ لەکەن، هەندێك کاڵ و کرچی هەبوو، بەڵام بەگشتی باش دەستی پێکردو یاساییانە دەستی بۆ پرسەکان دەبرد.

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** بۆ خولی چوار پەکی خرا؟ بروام وایە ئەو سیستمە سیاسیەی کە لەکوردستان هەیە بەداخەوە پەرلەمانی لەو شێوەیە ناوێت، واتە عەقلیەتی سیاسی لەکوردستان نەگەیشتۆتە ئەوەی کەپەرلەمان مەرجەعی بێت و نوێنەرایەتی خەڵك مەرجەع بێت، بەڵکو دەبێت لەژوورە حزبییەکان دابنیشن و بڕیار بدەن و پەرلەمانیش دەبێت دەستەمۆ بیت و وەك کۆرس بەدوایاندا هەرچیان وت بیڵێتەوە، پەرلەمان لای حزبی باڵا دەست لەکوردستاندا بەداخەوە ئاوها سەیر دەکرێت، ئەوە لەکاتێکدا لەدانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی، وتی: پەرلەمان مەرجەعی خەڵکی کوردستانە، بەڵام لە راستیدا مەرجەع نەبوو، بۆیە پەرلەمان کە بەئاراستەو ویستی حزبێکی سیاسیی یان چەند حزبێکی سیاسی نەروات ئەوکاتە پەرلەمان بە ڕێگر دەبنین لەبەردەم خۆیاندا، وە ئەم جۆرە لە سیستمی حزبایەتی تەنها لە وڵاتە دواکەوتووە خێڵەکیەکاندا هەیە، ئەگەر نا لەوڵاتانی نزیك خۆمان بۆ نموونە لەعێراقدا بەو شێوەیە نیە، لەکاتێکدا دەیان کێشەی جۆراو جۆری قوڵیان هەیە، بەڵام لەسەرو ئەو کێشانەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و پەرلەمان بڕیاردەدات، کاتێکیش ئاراستەیەك درووست دەبێت و دەیانەوێت پەرلەمانی عێراق بە ئاراستەیەکدا ببەن، خێرا لایەنەکان ڕێکدەکەونەوە و ئەو شوێنە کەشوێنی بڕیارە و متمانە بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەدات دەکەوێتەوە کاری خۆی، ئەوەی ئێمە کاتی خۆی دەمانوت لەئەزموونی جوانی هەرێم نەقڵ دەکەین بۆ ناوەند ئێستا پێچەوانەیە، بەداخەوە ئەزموونەکانمان شکست بەدوای شکستدا دەیهێنێت، ئەزمونی دیموکراتیمان نیە، ئەزمونی حوکمرانیشمان ئەوەندە لاوازە ناتوانێت ئیدارەی فەرمانبەرەکانیشی بدات، بەڵام حکومەتی ناوەند دەبینین چۆنە ئەگەر زۆر دوریش نەڕۆین.

بۆیە پەرلەمان پەکخرا پەرلەمان دەیویست بەیاسا دەست بۆ پرسەکان بەرێت و بەیاسا جومگەکانی دەسەڵات رێکبخرێتەوە، ئێمە لەسەرەتاوە سەردانی کەسی یەکەمی هەموو لایەنەکانمان کرد و هەموو بەڵێنیاندا هاوکاربن لە بەیاسایی چارەسەر کردنی ئەو پرسە بەڵام بەداخەوە پارتی ئامادەنەبوو هیچ پێشنیارێك بکات.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** لەکاریگەرییە دەرەکیەکانەوە ئەمە لەخاڵە رەشەکانی مێژووی حوکمرانیە لەکوردستان، کەباڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان بەئیرادەی حزبێکی دیاریکراو پەك خراوە، لەکاتێکدا ئەو پەرلەمان بەدەنگی خەڵك پێکهێنراوە، نیشانەی گەرانەوەیەکی زۆ گەورەیە لەو پرسەی کەدنیاو ئێمەش باس لێ دەکەین، جاران ئەمان وت ساوایە بەڵام دەبێت ئێستا بڵێین دموکراسی بوونی نییە، یەکێك لە پایەکانی د ەسەڵات برتییە لەدەنگدان و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ئەمانە لەهەرێم نیە ئیهانە بەدەنگی خەڵك دەکرێت، نەك ئاشتیانە دەسەڵات دەستاو دەست ناکرێت، بەڵکو ئەوەی باسی بکات بەوحاڵە دەبرێت کە ئێستا هەیە.

دۆخیکی گشتی هەیە هەموو دەبێت بەواقعی ببینین کەرووبەری ناوچەکە بۆتەوە ئەویش بوونی شەرە لەدژی داعش، ئەم پرسە کاریگەری هەیە بەسەر پرسەکانی تردا لای ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئێمە کاتێك قسەمان لەگەڵ کردوون کە دیموکراسی بۆخۆتان رەوا دەبینن بۆ بۆ ئێمەی ئاوا نابینین، دەڵێن ئارامی بۆ ئیستا گرنگە و شەڕ دژی داعش هەیە، کەواتە وڵاتان واحاڵیکراون ئەگەر دەست بۆ پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ببرێت ئەوە وڵات ئاڵۆز دەبێت، لە حاڵەتێکدا ئێمە یاساکانمان وا دەڵێت یاسای ژمارە (١٣) ی کە (٢٠١٣/٦/٣٠) دەرچووە ئەو کاتە دوو هێز بەشەو رۆژێك پرۆژە یاسایەکیان هێنا و کردیانە یاسا، لەو یاسایەدا دەڵێت (٢٠١٥/٨/١٩) وادەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم تەواو دەبێت و یارای تازەکردنەوە نیە، خۆ ئەو کاتە ئێمە لە ئۆپۆزسیۆن بووین.

کاریگەری ناوخۆیی، خۆی دەبینێتەوە لەچاودێری نەکردنی حکومەت وە دەرنەکردنی یاسا و بریار، دەرکردنی بریاری چاکسازی بەبێ پەرلەمان، کورسیەکەی سەرۆکی هەرێم، هەموو ئەمانە پێویستیان بەپەرلەمانی کوردستان هەیە، نەبوونی پەرلەمان لەئێستادا پرۆسەی یاسادانان و چاودێریکردنی حکومەتی ئیفلیج کردووە، ئەگەر پەرلەمان کارا دەبوو نەمان دەهێشت پرسی موچە وای لێبێت چونکە وەزیرەکانمان بانگهێشتی پەرلەمان دەکرد ئەرگە زانیمان وەڵامی پەرلەمان نادەنەوە ئەوا متمانەمان لێ دەسەندنەوە، دەهاتین بەرێوەبەرایەتی داهاتی سوندوقی نەوت و گازمان دادەنا کە یاساکەیمان پەسەند کردوو، ئەمە پەیوەستە بەژیان و بژێوی خەڵکەوە، نموونەیەکی تر ئێستا باسی ریفراندۆم دەکرێت ئێمە لەپەرلەمان کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێممان دانا، واتە ئێمە بنەماکانی دەوڵەتداریمان دەچەسپاند، ویستمان داهات دیاربێت نەك بانکێك بەکەیفی خۆی مامەڵەبکات، هەموو ئەو کێشانەی کەئێستا هەیە بەهۆی غیابی

پەرلەمانــەوە ئەگــەر پەرلــەمان هەبوایــە بــەرپرس دەبــوو لەدۆزینــەوە و چارەســەرکردنی ئــەو دۆخــە هــەتا لێپرسینەوە و وەرگرتنەوەی متمانە لەحکومەت.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** ئەگەر بیانەویت پەرلەمانێکی دەستەمۆ چالاك بکەنەوە ئەوە ئێمە نین و لەو پەرلەمانە نین، ئەو سوێندەی خۆمان ناشکێنین، پەرلەمان بەبڕیاری تاك لایەنەی حزبی پەکخراوە ئێستاش دەبێت بەهەمان شێوە کارا بکرێتەوە و دەست کراوەش بێت، لەم دواییە دەبیستین کە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و دەستەی سەرۆکایەتی بگۆڕدرێت، ئەگەر سەرۆکایەتی کاری نایاسایی و نا پەیڕەوی کردوە ئەوا پێمان بڵێن، ئەگەر نییە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی کراوە بە بەشێك لە کێشەکە، کێشەکە لەکورسی سەرۆکایەتی هەرێمە، قوتی خەڵك کێشەیە، چاودێری حکومەت و داهات کێشەیە.

ئەگەر پەرلەمانێك هەبێت دەست بۆ پرسی گرنگ نەبات و لە حزبەوە وەرەقەیەکیان بۆ بڕوات کە بڵێن ئەمەمان بۆ بکەن بەیاسا، ئەمە شکاندی شکۆی پەرلەمانە، ئەگەر پەرلەمان کارا دەکرێتەوە دەبێت کۆمەڵێك کێشە هەیە و سەرجەمی چارەسەر بکریت، سیستمی سیاسی دیاری بکرێت و وڵات رێکبخرێت و هەموان بەرامبەر یاسا یەکسان دەبین.

بەرێز **ئومێد خوشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان**، لەم بارەیەوە وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** یەکەم هۆکار تێڕوانینی ئەو هێزەیە کە بۆ یەکەمین جار لە ئۆپۆزسیۆنەوە دێتە ناو کایەی دەسەڵات و سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێت، بەڵام دەستبەرداری ئەو نەفەس و دەربڕینانە نابێت کە لەزەمەنی ئۆپۆزسیۆن بووندا هەیبووە، بۆنموونە: لەحکومەت بەشدار بوون و سەرۆکی پەرلەمانیشیان هەبوو، بەڵام دەیانویست ئیزدیواجیەت لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەکاربهێن و لەگەڵ ئەو هێزانەش کە رێککەوتنیان هەبووە لەگەڵی دەیانویست ئەو دەنگانەی بەئۆپۆزسیۆن بوون کۆیان کردۆتەوە لەدەستی نەدەن، لەلایەکی تریشەو لەو ماوەیەدا کە لەدەسەڵات بوون دەستیان بۆ شتی وا بردووە کە لەماوەی ٢٥ساڵی رابردوو دەستی بۆ نەبرابوو، چەندین خروقاتیان کرد، ئێوە ئەو رێکخراوەن کە دراسەی کاری پەرلەمان دەکەن بچن بزانن لەماوەی ئەم ساڵەدا چەند خروقاتیان کردووە، ئەو هێزە لەئاستی قۆناغەکەدا نەبوو وە لەئاست ئەو پۆستەشدا نەبوون، بۆنموونە: زۆر جار وتومانە لە سەردەمی شومی شەری ناخۆدا ئەو دووهێزە شەریان دەکرد، بەڵام لەپەرلەمانی کوردستان روانینێك هەبوو بەیەك رێگا کە نەیاندەهێشت پەرلەمان ئەو دامەزراوە نیشتیمانیە ببێتە حزبی و بەشداری لەشەڕی ناوخۆ بکات، پێشتر پەرلەمان مەرجەعیك بوو، بەڵام ئەوان هاتن بەپێچەوانە کێشەکانیان پەخش دەکرد بۆ ناو کۆمەڵگا و بۆ لایەنەکان وە پەرلەمان لەم خولە نەبووە ئەو چەترە، بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان بەرپرسە لەودۆخەی کەپەرلەمانی کوردستانی پێ گەیشتووە.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** بەدڵنیایەوە دەزگایەکی نیشتیمانی گرنگی وەك پەرلەمان پەك بکەویت کاریگەری دەبێت، لای ئێمە لەپارتی یەکێك لەشانازییەکانمان ئەوە بووە بەشێك بوون لەدامەزراندنی ئەو پەرلەمانە، بۆ

ئێستاو ئایندەش بۆئەوەی ببێتە مەرجەعی حوکمی خۆ بەڕێوەبەری دیموکراسیانە، پەرلەمانی کوردستان بەهۆی ئەو دۆخەوە کە لەماوەی ساڵی رابردوو تیایدا بوو هەم لەناوخۆ و هەم لەدەرەوە کاریگەی هەبووە، مومکین نیە چەند هێزیکی سیاسی لە کێبڕکی سیاسی خۆیان بن و لەئەنجامدا ببێتە هۆکاری پەك کەوتنی پەرلەمان، ئەگەر پەرلەمان مەرجەع بوایە دەبوو ئەو هێزانەشی یەك بخستایە. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا بەڵی کاریگەری هەبووە و ئەوە بەشێکە لەسومعەی هەرێمی کوردستان و دەبێت هەموو دانی پێدابنین.

لەئاستی ناوخۆشدا پەرلەمان مەرجەع بوو پەرلەمان پیرۆز بوو، ئەو هێزە چونکە تێفکرینی بۆ شکاندنی هەموو هەیمەنەکان بوو یەکێکیشیان پەرلەمان بوو، لەزەمەنی ئۆپۆزسیپۆن هەتا پێیکرا پەرلەمانی ناشیرین کرد، لەکاتی بەشداربوونیشی لەسەر ئەو ڕیتمە بەردەوام بوو، ئێستا لای هاووڵاتی نوکتە لەسەر پەرلەمان دەوترێت، لەباتی ئەوەی خەڵك ئومێدی هەبێت بەپەرلەمان ئێستا بێئومێدە لێی، پەرلەمان بووە تەنها شوێنی قسەکردنی گەورەو بێ کردار و قسەی لە هەموو شتێك هەبێت و حەلیشی پێ نەبێت، بۆیە لەئاستی ناوخۆشدا کاریگەری گەورەی هەبووە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** ئێمە و گۆڕان و تەواوی حزبەکان و تیکڕای خەڵك دەزانن، ئەو خولەی پەرلەمان بیناکرا بوو لەسەر تەوافوقێکی نیشتیمانیانە، بەلای ئێمەوە ئەو تەوافوقە مەبدەئی بوو، تەوافوقێك بوو بۆ ئێستا و ئایندەمان بۆ ئەگەرەکانی و تەحەدیەکانی ناوچەکە، بۆ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەمان لەگەڵ داعش، بۆ ئامادەکاری بۆ ئایندەمان، بەلای ئەو هێزەی کەنابەرپرسانە مامەڵەی کرد بۆ ئەو تەکتیکێك بوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەچوارچێوەی ئەو رێکەوتنە سیاسیانە هاتە ئارا پۆستەکانی دابەشکرا، کاتێك بزوتنەوەی گۆڕان هەوڵیدا بەکردار ئەوە پێشێل بکات وە پابەند نەبێت پێوەی ئێمە بەڕاستگۆیانە تر لەگەڵ خەڵك و بزوتنەوەی گۆڕانیش رامانگەیاند ئەو رێکەوتنە کۆتایی پێ هات، بۆ تەنها دەڵێن بزوتنەوەی گۆڕان بۆ لایەنەکانی تر نالێن، وەك ئەوەی ئەوان دەڵێن خیلافات بوو لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئێمە لەهەمواری یاسایی سەرۆکایەتی چوار لایەن بەرامبەرمان بوو، بەڵام تەنها بزوتنەوەی گۆڕان عاملی ئەو دۆخەوبوو، بزوتنەوەی گۆڕان هەوڵیدا سەرەتا بەزۆرینە و کەمینەی پەرلەمان کار بکات، پاشان بە هێنانی خەڵك بۆ سەر شەقام، پاشان بەهەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی و سوتاندنیان و شەهید کردنی کادرانی ئەو حزبە، دواجار تەکتیکی تری هەبوو بۆ تێکدانی ئەمنیەتی تری شارەکان، لە ئەنجامدا ١٠/١٢ لێ هاتە ئاراوە، کەواتە ئێمە بەئاشکرا بەخەڵکی کوردستان و تەواوی هێزەکان دەڵێین ئەو رێکەوتنە کۆتایی پی هاتووە، دەکرێت بۆ قۆناغی نوێ رێککەوتنی نوێمان هەبێت و هەمووشمان داوای کارا کردنەوەی پەرلەمان دەکەین، بەڵام بەشێواز جیاوازیمان هەیە بۆئەوەش دەبێت بیر لەرێگای تر بکەینەوە، ئەگەریش راست دەکەین ئێمە لەگەڵ ئەوەین پەرلەمان ببێتە مەرجەع بادەستەیەکی سەرۆکایەتی نوێ بۆ ئەم دۆخەی ئێستا هەڵبژێرین تا لەهێزەکانی تری ناو پەرلەمان، بەتایبەت دوور لە یەکێتی و پارتی و گۆڕان.

بەڕێز **برزۆ مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان**، لەم بارەیەوە وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە پارتی دیموکرات دڵی بەم خولە خۆش نەبوو، سەغلەت بوو بەهۆی ئەوەی پارتی لەخولەکانی تر بۆ زۆر مەبەست و مەرام توانی بووی زۆرینە دروست بکات، هەرشتێکی ویستبا تێیدەپەراند، بەڵام لەم خولە نەیتوانی زۆرینە لێرە دروست بکات، یەکی تر لەهۆکارەکانی جیاوازی شێوازی کارکردنی ئەم خولە بوو لەگەل خولەکانی تر، جوڵەی زۆرتری تیا بوو، خاڵێکی تر پارتی ئەم خولەی بە هەڕەشە دەزانی لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە ئەمانە بووە هۆی پەکخستنی پەرلەمان.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** لەسەر کاریگەرییەکانی پەککەوتنی پەرلەمان، وتی: لەدوای راپەڕینەوە زۆر باسمان لەدرووستکردنی دەزگاو بەمەرجع کردنی پەرلەمانی کردووە کەببێتە مەرجەعێکی نیشتمانی، بەڵام کاتێك پەکی دەخەیت ئەم زیانانەی بۆ ناوبانگی هەرێم لەوڵاتی دەووروبەر و دنیا دەبێت.

لەرووی ناوخۆوە ئەو حکومەتە شکست خواردووە خراپە کە هەیە چاودێری لەسەر نیە، شەڕی داعش و بڕێوی خەڵك و قەیرانی دارایی، پەککەوتنی پەرلەمان زیانێکی ئێجگار خراپی لە ناوبانگی هەرێم داوە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** سەروەر بوونی یاسا و رووبەروو بوونەوەی قەیرانەکان و دانانی میکانیزم بۆ چارەی ڕێژەیی یان ریشەیی، بەتایبەت قەیرانی دارایی، بۆ هێنانەوە کایەی زەمینەیەکی باشی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان دەبێت دۆخەکەی ئاسایی بێتەوە، یەکەم هەنگاویش کارا بوونەوەی پەرلەمانی کورستانە، کە پەرلەمان کارا بووەوە لەسەر مێزێکی نیشتیمانی دابنیشین بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ هەموو کێشەکان.

بەڕێز **بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**، لەم بارەیەوە وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** هۆکاری پەککەوتنی پەرلەمان روونە، گرفت هەبوو لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە لەخولی رابردوو دووساڵ بۆ سەرۆکی هەرێم درێژکرابووەوە، بەڵام ئەم گرفتە کۆتایی نەهات، ویستمان هەمواری ئەو یاسایە بکەین بۆئەوەی سەرۆك لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت یان لەناوخەڵك، بەڵام ئاشکرایە کوردستان لە دۆخێك نەبوو هەڵبژاردن بکرێت، وە ئەو مەسەلەیە ناکۆکی نێوان فراکسیۆنەکانی برەو پێدا لەو روانگەیەوە بۆچوونەکان جیاوازییان هەبوو، پێنج فراکسیۆن بۆچونیان جیابوو وە پرۆژە یاسایان بۆ هەمواری سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش کردبوو، لەهەمان کاتیشدا لیژنەیەك تەشکیل کرا کەبابەتی گۆڕینی سیستمی سیاسی لەکوردستان لەرێی دەستوورەوە ئەنجام بدرێت ئەمانە ناکۆکی بوون، راستە هۆکاری سەرەکی پەکخستنی پەرلەمان نەگەیشتنە چارە بوو لەلایەن فراکسیۆنەکان، بەڵام بەشێکیش لەئەستۆی لایەنە سیاسیەکانە کەنەگەیشتنە ئەنجامێك لەسەر ئەو پرسە پێش کۆتایی هاتنی وادەکە، من پێم وایە هەموو لایەنە سیاسیەکان کەم تەرخەم بوون.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** پەکخستنی پەرلەمان کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوبانگی هەرێم لەکەدار بووە، چونکە دەزگایەکی یاسایی متمانە پێکراو لەلایەن خەڵکەوە سەرۆکەکەی دەردەکرێت و وا سالێکیش تێپەر بووە بەسەر کۆنەبوونەوەی پەرلەمان، پاشان هەرێم کەوتۆتە ناوشەڕی نەخوازراو کە شەڕی تیرۆرە، ئەم شەڕەش سنووری نیەو مەترسیەکان هەموو دنیای گرتەوە، ئەو کۆمەکانەی دەکرێت بۆ دوورخستەوەی مەسەلەی تیرۆر، تایبەت مەند نییە بەهیچ شتێکەوە بەقەد ئەوەی پەیوەستە بەشەڕی داعش، ناکرێت ئەو مامەڵەیە بکرێتەوە هۆکارێك بۆ کارانەبوونەوە پەرلەمان، ئێمە لەزۆرینەی دانیشتنەکانمان لەگەڵ شاندی وڵاتان ئەوەمان لێ بیستوون کە ئەوان دەزان وادەی سەرۆکی هەرێم تەواو بووە، بەڵام ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دەکرێت پەیوەستە بەوەی ئەوان بۆ رووبەروو بوونەوەی تیرۆر دەیانەوێت مامەڵە لەگەل هێزی پێشمەرگە بکەن و سەرۆکی هەرێمیش فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە، وە هێزە و لایەنە سیاسیەکانیش ئەو فرسەتەیان داوە کەسەرۆکی هەرێم وەك سەرۆکی هێزە چەکدارەکان مامەڵە بکات، بەڵام لەدوای شەڕی داعش هەست دەکرێت کە پەککەوتنی پەرلەمان چ عەیبەیەکی گەورەیە وە ئەوکاتەش مامەڵەی وڵاتان دەگۆڕدرێت، هەر ئێستا زۆرێك لەهاوکارییەکان لەرێگا حکومەتی ناوەندییەوە دێتە هەرێم. لەسەر ئاستی ناوخۆش کارەکانی پەرلەمان پەکی کەوتووە، حکومەت بێ چاودێرە، هیچ جۆرە یاسایەك دەرناچێت بەشێك لەو بابەتانەی تریش کەپەیوەستە بەژیانی خەڵکەوە دەوری پەرلەمان زۆر گرنگ بوو، حکومەت کۆمەڵێك بریاری دەرکردووە کەهیچ جۆرە چوار چێوەیەکی یاساییان نیە، لەبەرئەوەی کارگەرییەکانی گەورەن بەهۆی دۆخی پەرلەمانەوە هەم لایەن سیاسیەکان و هەم فراکسیۆنەکان ناتوانن کۆببنەوە و کۆدەنگی درووست بکەن لەسەر ئەو پرسانەی کە تایبەتە بەژیانی خەڵکی کوردستان.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** دوو سیناریۆ هەیە، یا دەبێت ئێمە وەك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دابماڵدرێین لەخواستی حزبە سیاسیەکان و پێکەوە تەنسیق بکەین و دانیشتنەکانی پەرلەمان دوور لەئیرادەی حزبی دەست پی بکەینەوە، کەبەڕای من ئەمە ئەستەمە، چونکە خوێندنەوەی جیاواز هەیە، وە سیناریۆی دووەهەم ئەوەیە هێزە سیاسیەکان درکی دۆخی کوردستان بکەن و رێز لەئیرادەی گەل بگرن و پەرلەمان کارا بکەنەوە.

بەرێز **ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو،** بەم شێوەبە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** دۆخە سیاسیەکە رەنگدانەوەی خراپی کردە سەر کاروبارەکانی پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری سەرەکی بۆ دووخاڵ دەگێڕمەوە، یەکەم، ئەم خولەی پەرلەمان بەحکومی ئەوەی پەرلەمانتاران بەلیستی نیمچەکراوە هەڵبژێردران ئەوە کاریگەری هەبوو، دەیانویست شتی باش بکەن و لەراگەیاندنەکان بیسەلمێنن کەنوێنەری خەڵکن و زۆرجار خۆیان وادەردەخست کە ئێمە لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکانی خۆشماندا نین و خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆمانین.

خاڵی دووەم، پەرلەمان لەماوەی کارکردنیدا کۆمەڵێك یاسای باشی دەرکرد بەئاقاری بەرەوە دامەزراوەیی چوون وەك یاسایی بودجەی حزبەکان، سندوقی داهاتی نەوت و گاز، پشتیوانی لە ئێرادەی گەلی خۆرئاوا، ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانی، بڕیارەکانی تایبەت بە دۆخی پێشمەرگە، پرۆژە یاسایی ئامادەکردنەوەی دەستوور، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، ئەمانە شتی باش بوون و ڕەنگە ئەوە مایەی ڕازی بوونی هەندێك لایەن نەبووبێت.

یەکێك لە هۆکارەکانی تر، مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم بوو کە وەك بۆمبێکی چێنراو وابوو لەناوەڕاستی خولەکەدا تەقیەوە، سێ بژاردەمان دانابوو بۆ چارەسەری ئەو دۆخە، یەك لەوان (دەستوور) بوو کە نەتوانرا یەکلابکرێتەوە، پاشان (هەڵبژاردن) ئەویش نەکرا، ڕێگای سێیەم، هەمواری یاسای سەرۆکایەتی بوو ئەمەش نەکرا، ململانی هێزە سیاسیەکانمان و عوقدەی مێژوویی و گرێی دەروونی هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر پەك کەوتنی پەرلەمان هەبوو.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** لەماوەی ئەو ساڵەدا کاتێك وەفد و ڕێکخراوە بیانیەکانمان بینیوە نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە، ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر سومعەو ناوبانگی کورد کردووە، زۆر نوێنەری وڵاتان وتویانە ئێمە کاتێك هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین تەنها لەبەر شەڕی تیرۆر نییە، بەڵکو لەبەر گەشەپێدانی دیموکراسیشە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا دیموکراسی پاشەکشەی کردووە، دەقەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا وتی: "ئەمە ئابڕوچونێکی گەورەیە کەلەهەرێمی کوردستان پەرلەمان پەکدەخرێت"، ئێستا شتێك نەماوە بەناوی پەرلەمان، حکومەت بەئارەزوی خۆی ئیش دەکات و بەفلتەری پەرلەماندا تێپەڕ نابێت، و پەرلەمانتار هیچ هەیبەتێکی نەماوە، خۆم دەیان موعاناتم هەیە لەسەر ئەوبابەتە، کەدەڕۆیت بۆ بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاووڵاتیان لەهەندێك شوێن پێکەنینیان پێمان دێت، کە خراوینەتە دۆخێکی وەهاوە و هیچمان پێ ناکرێت. ئەم خولە سێ ساڵی تێپەڕاندووە بەڵام بەداخەوە ئێمە نازانین چۆن موناقەشی بودجە بکەین، و ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانەکانی خەڵك کەڵەکەتر دەبێت، گەورەترین ئاسەوای سلبی پەك کەوتی پەرلەمان ئەوەیە خەڵك بەرەو نائومیدی دەڕوات خەڵك وای لێ دێت بڕوای بەهەڵبژاردن نەمێنێت، ئەگەر نموونەیەك لەسەر تۆماری بایۆمەتری وەربگرین تا ئێستا لەسلێمانی لە (٧٪) خەڵك چووە، لە هەولێر لە (٤٪)، لە دهۆك لە (١١٪) چووە، ئەوە ئابڕوو چونێکی گەورەی ئەم دەسەڵاتەیە کە هاووڵاتیانی ئەوەندە نائومێد بن لێی.

ئەو دەڵەتانەش بە دوو هۆکار مامەڵە دەکەن لەگەڵ دۆخی هەرێم، یەکەم بەشێك لەو دەوڵەتانە بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا دەگەڕین و بەشێك لەو کارەکتەرانە خۆیان و دەوڵەتەکەیان بەرژەوەندیان هەیە، هۆکاری دووەم، شەڕی داعشە، ئەوان شەرکەرێکی وەك کوردیان بۆ هەڵناکەوت، کە لەریزی پێشەوە شەڕ دەکات، لەکاتیکدا داعش مەترسی بۆ سەر زۆر وڵاتانی جیهان دروست کردوە و تەقینەوەی کردوە، بەرای من کاتێك شەڕی داعش کۆتایی پێ دێت ئەوسا نازی کورد دەردەکەویت، ئێستا یەکێك لەمەترسیەکان ئەوەیە

کورد شەڕ بۆ خەڵکی تر دەکات و ئەو ناوچـانەش کـە بـەخوێن دەسـتمان کـەوتووە هـیچ گەرەنتیـەك نیـە کـە جاریکی تر شەڕمان پی نەفرۆشرێتەوە لەسەری، ئەوەتا ئێستا حکومەتی مەرکەزی هەڕەشە دەکـات لـەکورد، ئەم ناتەباییەش لەولاوە کاریگەری گەورەی کردوە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** بۆ چارەسەر، بـەرای مـن خـراپترین سـیناریۆ ئەوەیـە ئـەم دۆخـە بمێنێتـەوە تـا (٢٠١٧) و کاتی هەڵبژاردن، ئەو کاتە ئـەم خولـە خۆشـی مـاوەی بەسـەر دەچێت و ئـەم نوزەیـەی ئێستاشـی نامێنێت، ئەو کاتە رایەك دێتە ئاراوە کە وەرن باپێکەوە بەیەك پاکێج ئەوە حەل بکـەین، بـۆ ئـەوەی نەگەینـە ئەوە واباشە ئێستا بەیەك پاکیج هەموو کێشەکان حەل بکەن، هەر پێنج هێزەکەی بەشدار لەحکومەت بکەونـە گفتوگۆی جدیەوە بۆ چارەی ئەم کێشانە کە بەڕای من ئەمانەن (کـارا کردنـەوە پەرلـەمان، ئـەکتیف کردنـەوە حکومەت، بەکارخستنەوەی دەستوور، چاکسازی، ریفراندۆم، پەیوەندیەکانی لەگـەل بەغـدا، سـتراتیجی شـەر لەگـەل داعـش و دوای داعـش، دۆخـی هەرێمایـەتی گوتـاری نیشـتیمانی، کـۆنگرەی نەتـەوەیی) بـەڕای مـن رێککەوتنی نوێ کەهەموو هێزەکان سازش بکەن و داوای هەموان بێتە دی، بۆنموونە، داواکاری چوار لایەنەکـە بریتییە لەوەی سیستم بکرێت بەپەرلـەمانی و چاکسـازی بکرێـت، خواسـتی پـارتی مانـەوەی بـارزانی و گشـت پرسی یە، کە کردویانە بەخواستی خۆیان، کەمن پیم وایە هێزەکانی تر پێش پـارتی داوای ئـەوەیان کـردووە، چـونکە پـارتی تـا ئـەم سـاڵانەش دروشمـی ئۆتۆنـۆمی هـەلگرتبوو، یـەکێتی لەسـاڵی (١٩٨٤) دروشمـی مـافی چارەنووسی بەرزکردنەوە، یەکێتی نیشتیمانی خاوەنی فیدراڵیەتە لەساڵی (١٩٩٢) لە پەرلـەمانی کوردسـتان، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم دوو خواستەی پارتی جێبەجێ بکرێـت و لەبەرامبەریشـدا پـارتی مـل بـدات بـە سیسـتمی پەرلەمانی و چاکسازی.

مـن ئـەم قسـەیەم لەرێکخـەری گشـتی بزووتنـەوە گـۆڕان بیسـتووە کـە دەڵێـت ئەگـەر سیسـتم بکرێـت بەپەرلەمانی لارییان نیە لەوەی مەسعود بارزانی بمێنێتەوە، کەواتە بەیەك پـاکێج ئەولەویاتـەکانی ئـەم قۆناغـە چیە چارەبکرێت و بەرپرسـیاریەتی دابـەش بکرێـت، ئەمـە باشـترین بژاردەیـە ئەگـەر ئەوەنـەبیت بـەرەو دوو هەرێمی جیاواز دەڕۆین.

بەرێز **مەروان گەلالی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی**: لەم بارەیەوە وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان لەرابردوودا دەستەمۆی لایەنە سیاسیەکان بـوو، بەتایبـەت هەردوو حزب دەسەلاتدار، هەر یاسایەك لەپەرلەمانی کوردستان دەردەچوێندرا دەبوایـە رەزامەنـدی مەکتـەب سیاسیەکانی بۆ وەریگیرابوایە، بـەڵام ئـەم خولـە خـولێکی زینـدوو بـوو، دەسـتی بـۆ کۆمـەڵێك یاسـا بـردوو و کۆمەڵێك هەنگاوی نا، بەتایبەتی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئـەو وڵاتـەمان بەدامـەزراوەیی بکرایە، ئەو کەسەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکات ئەگەر باشەی کرد و خزمەتی هاووڵاتیانی کرد دەستخۆشـی لێ بکرێت و پاداشت بدرێتەوە ئەگەریش بە پێچەوانەوە بـوو ئـەوا شـوێنێك هـەبێت لێپرسـینەوەی لەگـەڵ بکـات،

بەرای من ئەوە هۆکارێك بوو. فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی بەهۆی رێککەوتنی ستراتیژیەوە لەخولی رابردوو زۆرینە بوون و چیان ویستووە دەریان دەچواند، بەڵام لەم خولە فراکسیۆنی پارتی تاك کەوتبوو لە زۆر هەنگاوەکان و بە تەنها مابووەوە و زۆر جاریش هەڕەشەی پەکخستنی پەرلەمانیان دەکرد، کە ئەوە قابیلی قبوڵ نیە، هەرچەند ئێمە زۆر پێمان وتوون ناکرێت بەردەوام ئێوە زۆرینە بن و کەسی تر نەتوانێت لەو وڵاتە شتێك ببێت و هەمووی رەعیەتی ئێوە بن، ئەوە دیموکراتیە ئێمەی هێناوەتە پێشەوەو ئێوەش خۆتان بە حزبێکی دیموکرات دەزانن.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** پەککەوتنی پەرلەمان کاریگەری لەسەر هەموو تاکێك رەنگی داوەتەوە، خەڵك بێ متمانە بووە بەدەنگدان بەهەموو دەزگاکانی ئەو وڵاتە، نموونە تۆماری بایۆمیتری دەریدەخات خەڵك تاچەند ئامادەی دەنگدانی هەیە، ئەوەش مەترسیەکی گەورەیە چونکە ئێمە سەر بە حکومەتی فیدراڵین و بۆ هەڵبژاردنی عێراق دەبێتە مەترسیەکی گەورە، حکومەت لەهەرێم لەگەڵ ئەو هەموو گەندەڵی و قۆرخ کاری و بێ سەروبەری و ناعەدالەتیە کە هەیە ئیستا رەقابەی پەرلەمانیشی نیە ئەگەر پەرلەمان هەبوایە دەبوو ئێستا زۆرینەی وەزیرەکان متمانەیان لێ وەرگیرا بایەتەوە.

لەسەر ئاستی دەرەوەش، بەداخەوە دەڵێم ئەگەر ئەمڕۆ شەری داعش نەبوایە وڵاتان پێیان عەیب بوو سڵاو لەو سیاسەت مەدارانەی هەرێم بکەن، چونکە ئەوەی کراوە شکاندنی هەموو پرەنسیپێکە، بەڵام هەموو شتییێکیان بەشەڕی داعش داپۆشیوە و تێڕوانینی من ئەوەش لادەچێت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و گرتنەوەی موسڵ، زۆریش لەوڵاتان قەناعەتم وایە کەئەمڕۆ پاڵپشتی هەرێم ناکەن خالێکی پەیوەندی بەو سیاسەت کردنەوە هەیە کەئەمانە دەیکەن، ئەو ئەدا خراپە وایکردوە کە ئێستا دۆستەکانیشمان دەوڵەتمان پێ رەوا نەبینین نەك دووژمن.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** قاعیدەیەك هەیە لە ئیسلامی پیرۆزدا، ئەگەر کەسێك دانی نا بەتاوانەکەی و پەشیمان بووە وەك ئەوە وایە تاوانی نەکردبێت، ئەو لایەنانەی هەموو خەڵك لەهەرێم پێی دەڵێت کاکە هەڵەت کردووە کاکە خۆ سەپێنەری، دەزگایەکی داپلۆسێنەرت هەیە ئازادیەکان کەم دەکاتەوە، رۆژنامەنووس تیرۆر دەکات دەنگی ئازاد دەخنکێنیت، بەڵام وەك ئەوەی ئەو کێشانەی لەکوردستان درووست کراون لەمۆزەمبیقەوە دروستکرابن خۆی تیناگەیەنن، کاتێك ئەو کێشانە بەرەو چارە دەڕۆن کەئەوەی هەڵەی کردووە بلێت من هەڵەم، ئەو جارێك بلێت کاکە کێشە نیە ئێمە چوار جار دەڵێین، سەرۆکی پەرلەمان هیچ هەنگاوێکی وای نەناوە شایەنی ئەو رێگری کردنە بێت کە ئەو دۆخە سەرۆکی پەرلەمان تێکی دابێت، بۆیە من تەنها قەناعەتم بەوەیە کێ وای کردووە لەو دۆخە دەبێت هەر ئەوەش چاکی بکاتەوە چۆن بەیەك بڕیار پەکی خستوون بەهەمان بڕیار چاکیان بکاتەوە.

بەڕێز د.**شوان قەڵادزێی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی**، وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** کۆمەڵێك هەنگاو نرا کەلەخولەکانی پێشودا ئەنجام نەدراون وەکو پەسند کردنی سندوقی کوردستان بۆداهاتی نەوت و غاز، هەموار کردنەوەی یاسای زانکۆ تایبەتیەکان و هێنانەوەی زانکۆی کوردستان بۆسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەروەها هەوڵدان بۆهەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمانە وای کرد هێزی بەرامبەر کە PDK ئەم هەوڵانە بەتێکچونی سازان و پیلان گێڕان لەسەری لەقەڵەم بدات، هەروەها بەبیانوی ڕێگری کردن لە گوستنەوەی خۆپیشاندانەکان بۆشاری هەولێر ڕێگری لەسەرۆکی پەرلەمان کراو دوواتر پەکخستنی پەرلەمانی لێ کەوتەوە.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** دەرەنجامە ناوخۆی و دەرەکیەکانی پەکخستنی پەرلەمان ئەوەیە لەدەرەوەی یاسا کەوتنە وێزەی فەرمانبەران، موچەکانیان کردە چارەکە موچەو...هتد، لاوازبونی چاودێری لەسەردام و دەزگاکانی حکومەت و تەخشان و پەخشانی داهات و ئیفلیج کردنی حکومەت و بێ نرخ کردنی دەزگای پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەبەرچاوی خەڵك و پەیرەوکردن و سەپاندنی سیاسەتی سك هەلگوشین بەسەر فەرمانبەران و هاووڵاتیان بەگشتی، هەروەها بەتاڵکردنی بانکە ئەهلی و حکومیەکان و بڵاوکردنەوەی هەژاری و قەتیس کردنی بازاڕو شاڵاوی کۆچ کردن بۆدەرەوەی وڵات و هێشتنەوەی پارەو دراو لەبانکە کەسی و حزبیەکان و بڵاوبونەوەی بێکاری و تێکچونی دەرونی هاونیشتمانیان و بێزاری خەڵك و لەق بونی باوەڕ و بێ متمانەیی بەرامبەر هەڵبژاردن و پەیرەوکردنی تاکڕەوی، لەبەرامبەریشدا لایەنە بەشدار بووەکانی حکومەت هیچ هەڵویستێکی بەئیرادەیان نییەو بێ دەنگن، تەنها جار جارە بۆڵە بۆڵێك ئەکەن و ئامادەنین لەبەرامبەر ئەم هەموو قەیرانانەدا هەڵوێستیان هەبێت و پشتیوانی فەرمانبەران و مامۆستایان و جەماوەر بکەن، سیکۆتین ئاسا بەحکومەتەوە نوساون، لەکاتیکدا هیچ ئومێدێك بۆچاکسازی نەماوە. دەرەنجامە دەرەکیەکانیش ناشیرین بونی پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی لەدیدی وڵاتانی دەرەوە بەدۆست و ئەوانی ترەوە، دەری خست کەئێمە نامانەویت بەیاساو دام و دەزگایی وڵات بەڕێوە بەرین، لەونیوەندەدا کوردستان و حوکمرانیەکەی روبەڕوی چەندین رەخنە بۆتەوە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** چی بکرێت بۆ کارا کردنەوەی پەرلەمان؟ سازان بکرێت لەنێوان لایەنەسیاسیەکان، هەرچەندە پێمان وانیە بکرێت چونکە چەندین کۆبونەوەیان کردو ئەنجامی نەبوو، دەکرێت پەرلەمانتاران خۆیان هۆکاری سەرەکی بەگەڕخستنەوەی کارەکانی پەرلەمان بن، بەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرنامەی کار پێشکەش بکەن بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوە لەهەولێر، ئەگەر نەکرا لەسلێمانی یا کەرکوك یاخود هەڵەبجە، بەرەبەرە کۆبونەوەکان دەست پێ بکاتەوە، پێمان وایە لەوکاتەدا فشاری کردەیی دروست ئەبێت و پەرلەمانیش سەنگ و بوون بۆخۆی ئەگەڕێنێتەوە، نزیکەی سالێکە پەرلەمان پەکی کەوتووە و هەولێکی جدی بەدی نەکراوە بۆکاراکردنەوەی، هەرچەندە هەولێك درا بەلام بەشێك

لەسەرۆك فراكسیۆنەكان كە لەشاشەكان قسەی قەڵەو ئەكەن ئامادەییان دەرنەبڕی بۆكۆبونەوەكە، جەخت ئەكەینەوە كەسازان ناكرێت و بووەتە مەحاڵ، با سەرۆكایەتی پەرلەمان بەرنامەی كار بخاتە روو، وەپەرلەمانتاران خۆیان هۆكاری بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان بن.

بەڕێز **سرود سەلیم، لە فراكسیۆنی ئەتبناء ئەلنەهرەین** وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەكەم:** بەداخەوە دۆخی پەرلەمان گەیشتە ئەوەی پەكی كەوت و دانیشتنی نیە، ئاگای لەشەقام نیە، ئاگای لەپرۆسەی چاكسازی حكومەت نیە، هۆكاری پەككەوتنی پەرلەمان بەكورتی عینادی سیاسی نێوان لایەنەكان بوو، فەلسەفەی یەكتر قبوڵكردن زۆر لاوازە. لایەنێك ئەگەر هەندێك تەنازول تەقدیم بكات نەك شكاندن نیە بەڵكو گەورەییە لە پێناو خەڵك.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** پەكەوتی پەرلەمان كاریگەری سەرەكی لەسەر دۆخی ناوخۆ هەیە، ئەگەر پەرلەمان كارا بوایە كاریگەری لەسەر دۆخی خەڵك دەبوو، پاشان حكومەت كێشەی هەیە و چەند وەزارەت بەوەكالەت بەڕێوە دەچن، پاشان لەدنیادا شتی وانیە حكومەت پرۆسەی چاكسازی رابگەیەنێت بەبێ پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت چاودێری پرۆسەی چاكسازی بكات و پەسەندی بكات، ئێستا هەموو گلەییەكان لەسەر حكومەتە و ئەو كاتە گلەییەكە دابەش دەبوو، دۆخی ئێستای ئەندامانی پەرلەمان زۆر ناخۆشە، ئێستا خەڵك پێمان دەڵێت ئێوە موشكیلەی خۆتان پێ چارەنەكراوە چۆن دەتوانن موشكیلەی ئێمە چارەبكەن.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** چارە ئەوەیە نابێت دەرگای گفتوگۆ دابخرێت و دەبێت لایەنە سیاسیەكان لەسفرەوە دەست پی بكەنەوەو مەلەفاتی كۆن بەجێ بهێڵن و سازانێكی نوێ درووست بكەن بۆ بەرژەوەندی میللەت.

بەڕێز **وەحیدە یاقۆ، لەفراكسیۆنی گردبوونەوەی گەلی كلدانی سریانی ئاشووری** وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەكەم:** بەداخەوە بۆ دۆخی پەرلەمان كەگەیشتە ئێرە، هۆكاری پەككەوتنی پەرلەمان تێكدانی ئەو رێككەوتنە سیاسیە بوو كە سەرۆكایەتی پەرلەمانیدا بەبزووتنەوەی گۆڕان و ئەو رێككەوتنە لەلایەن گۆڕانەوە پێشێلكرا، حزبایەتیان كردو ویسیان خۆیان بسەپێنن، لەسەر هەموو لایەنە سیاسیەكان و لەسەر شەرعیەت. پرسی سەرۆكایەتی هەرێمیش پێویست بوو نەهاتبا پەرلەمان تا رێككەوتنی لایەنە سیاسیەكانی لەسەر دەكرا و ئەوسا لەپەرلەمان پەسەند بكرایە، تێكدانی ئەو رێكەوتنە هۆكار بوو بۆ درووست بوونی قەیرانی سیاسی.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** بەدڵنیاییەوە پەككەوتنی پەرلەمان لەسەر دۆخی ناوخۆ كاریگەری زۆرە، چەندین پرۆژە یاسا هەیە كە لەبەردەستی پەرلەمانە و لەبەرژەوەندی خەڵكە و ئێستا ئێمە بەهۆی ئەو دۆخەوە ناتوانین كاری لەسەر بكەین، هەروەها لەرووی چاودێری حكومەتیشەوە ئێمە ئێستا ناتوانین چاودێری

حکومەت بکەین و ئەویش کاریگەری هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوە کاریگەرییەکی وای نیە چونکە هەموو ئیشەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەچێت.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** چارەسەرکردن بەوە دەبێت رێککەتنی نوێ بکرێت، تەناوزل بکرێت بۆ چارەی ئەو قەیرانە، هەندێك پێشنیار هەیە لەوانە گۆڕینی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێشنیار هەیە سەرۆکایەتی بدرێتە پێکهاتەکان بۆ چارەسەی ئەو کێشەیە، بۆ ئەوەی هەتا ئەو کاتەی ماوە کار بکرێت و پەرلەمان هەبێت، ئێمەش وەك پێکهاتەکان حازرین بۆ هەر هاوکارییەك بۆ چارەسەری دۆخەکە.

بەرێز **عبدالرحمن فارس ( ابوکاروان ) سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی**، وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** بە بڕوای من هۆکار گەلێك هەن لە بەردەم پەککەوتنی پەرلەماندا و هیچ پەرچەکردارێك بە بێ کردار ناخولقێ و لە دایك نابێ، بۆیە ئەوە دەخەمە روو چونکە ئەو مەسەلانەی لەم دواییانەدا هاتنە ئاراوە بۆخۆیان هۆکار و فاکتەری ئەو حاڵەتە بوون کە ئێستا دەیبینین و وایان کرد ئیفلیج بوونی پەرلەمانی لێ بکەوێتەوە بۆ نموونە:

١. کۆتایی هاتنی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە پێی یاسای ژمارە (١٩) ی (٣٠ حوزیرانی ٢٠١٣). یەکێکە لە هۆکارە هەرە دیارەکانی ئەم پرسە و سەرەتای سەر هەڵدانی ئەمەش وەك ئیشکالیەتی یاسایی دەگەرێتەوە بۆ پرۆژەی دەستوری هەرێم کە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ یەکلایی کردنەوەی زۆر بابەتی یاسایی لەوانەش یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە خۆی لە ئیشکالیەتێکی یاسایی گەورەدا دەبینێتەوە و دەبوایە سازانی لە سەر بکرێ بۆ دەستەبەرکردنی چارەسەری ریشەیی. سەرهەڵدانی بەشێکی ئەم گرفتەش بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەگەرێتەوە کە ئەو کات ئامادەیی تێدا نەبوو هەڵبژاردن ئەنجام بدات و گرفتەکە لەو رێگەیەوە چارەسەر بکات.

٢. بوونی ناکۆکی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان، بۆ نمونە کاتێك یاسای ژمارە (١٩) ساڵی (٢٠١٣) دەرچوێنرا لە ماددەی یەکەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە (٢٠١٥/٨/١٩) کۆتایی دێت، بەڵام لە ماددەی دووهەمدا دەڵێ لە رێگای پرسی دەستورەوە بە سازان چارەسەری ئەو پرسە بکرێت، کەچی بەداخەوە ماددەی دووهەم جێ بەجێ نەکرا و هەر لایەنێك خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەو یاسایە کرد. وای لێهات شەڕی پرۆژەکانی ئەم پرسە دەستی پێکرد کەئەمەش لەبنەڕەتدا رێگە پێدراو و شەرعیە بەڵام ئێمە دەزانین شەرعیەتی یاسایی شتێکە و سازانیش شتێکی تر، واتا دەکرا بەسود وەرگرتن لەو پرۆژانە هەموو لایەك سازانی بکردایەتە بنەمای یەکلایی کردنەوەی کێشەکان، بەڵام مەخابن نەخوێندنەوەی واقیعی ئێستای کوردستان و تێنەگەیشتن گرنگی سازان لەم قۆناغەدا وای کرد چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ببێتە لەمپەر و رێگرییەکی مەترسیدار لە بەردەم پێویستی سازانی گشتگیرو کۆدەنگی هەموو لایەنەکان، بۆیە ئەو دۆخەی درووست بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ ئەوەمان بیر نەچێ کە کاتێك یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بە پێی یاسای ژمارە (١٩) ی

هەموار کرا و پێدا چوونەوەی بۆکرا یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم وەك و خۆی مایەوە و هەموارکرا واتا بەپێی ئەم یاسایە بێت هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەبێت لە خەڵکەوە بێت. دەبێت هەموو لایەکمان ئەوەبزانین دادگایەکی باڵای سەربەخۆ نیە بەمەبستی یەکلا کردنەوەی ئەو کێشە یاساییانەی کەناکوکن.

٣. کارکردن لە پەرلەمان بەعەقلیەتی براوە و دۆڕان و دروستکردنی محاور دژی یەکتر خاڵێکی ترە. سەرهەڵدان و گەورە بوونەوەی کێشە و ئاریشەکانی هەرێم و وای کرد زۆر قەیران و تەنگوچەڵەمەی سیاسی و ئابوری سەری هەڵداو بووە فاکتەری تۆخکردنەوە و قوڵکردنەوەی کێشمە کێش و ململانێکان و بێگومان دەرئەنجامی ئەمەش ڕێگری لەسەرۆکی پەرلەمانی لێکەوتەوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەمەش دیسان کارێکی نایاسایی و پێچەوانەی ڕێکەوتنی سیاسی بوو.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** دەرئەنجامە ناوخۆیەکانی پەککەوتنی پەرلەمان، پێموایە لەم ڕوەشەوە پەرلەمان نەیتوانیوە ئەرکە سەرکیەکانی خۆی ئەنجام بدات لە دەرچواندن و هەموارکردنەوەنی یاسا و بڕیارەکان و چاودێریکردنی حکومەت و بڕیاردان لەسەر بودجەی ساڵانە. هەروەها لەسەرەتاوە پەرلەمان وەك پەرلەمانی محاسەسە لە دایك بوو ئەمەش سەرەتایەکی مەترسیدار بوو لەوەی کە لە هەر چرکەیەکدا پەرلەمان بە بڕیارێکی حزبی ئیفلیج بکرێ و کاری خۆی لە دەست بدات، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ وەکو ڕیفراندۆم و پەیوەندی هەرێم بە بەغدا و پرۆسەی چاکسازی و چەندین پرسی گرنگ پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان بوو بەڵام لەبەرئەوەی پەرلەمان پەك خرابوو، نەتوانرا ئەو پرسانە یەکلا بکرێتەوە و ئەمەش بۆخۆی بووە کێشەیەکی تر لە پاڵ کێشە و ئیشکالیەتە یاساییەکانی تردا و وایکرد دوودڵی دروست ببێ لەناو جەماوەردا لەسەر بڕوا نەبوون بە هەڵبژاردن لە کوردستان و پرسی ئازادی و دیموکراتی.

دەرئەنجامە دەرەکیەکان، لەگەڵ سەرهەڵدانی مەترسی دەرئەنجامە ناوخۆییەکان کە ئاماژەم بۆ کرد چەندین دەوڵەت و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرلەمانی دونیا ئەو کارەیان بەڕاست نەزانی و سەرکۆنەی سیستمی حکومڕانیان کرد لەهەرێمی کوردستان و بەتایبەت بەشێك لەحزبە سیاسیەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و خودی سەرۆکی پەرلەمان لە کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا لە دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی سلبی گفتوگۆیان لەسەر پەکخستنی پەرلەمان کرد. ئەمەش لەبنەڕەتدا پەیوەستە بەو دەرئەنجامە ناوخۆییانەوە کە پێشتر چوومە سەری و ڕەنگە لە داهاتووش کاریگەری نەرێنی هەبێ لەسەر پرسی حوکمرانی باش لە هەرێمی کوردستان چونکە سیستەمی حوکمرانی لێرە ئارستەیەکی خراپی گرتۆتە بەر و خەریکە دەگاتە ئەو ئاستەی ژیانی هاووڵاتی لەم وڵاتە بخاتە مەترسیەوە.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** چۆن پەرلەمان کارابکەینەوە، بۆ ئەمەش من هەوڵ دەدەم بە کورتی و لە چەن خاڵێکدا هۆکارەکانی کارا کردنەوەی پەرلەمان بخەمە ڕوو:

- پێویستە هەنگاوی یەکەم لەڕێگای سازانێکی نیشتمانی گشتگیرەوە کە تێیدا سەرجەم لایەنە سیاسیەکان و بەتایبەت پێنج لایەنە ناکۆکەکە تەنازول بۆ یەکتر بکەن لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کە بێگومان ئەمەش پێویستی بەئیرادەیەکی بەهێز هەیە و لەو ڕێگایەوە دەتوانرێ کێشەکان چارەسەر بکرێت و پەرلەمان کارا بکرێتەوە.
- بیرکردنەوە لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و خوێندنەوەی دروست بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان کە لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەیەك هەڵوێستی و یەك ریزیماڵی کوردی هەیە و دەکرێ بە سود وەرگرتن لەدەرفەتەکان و ئەو بارودۆخەی لەناوچەکە هاتۆتە پێش حزب و لایەنە سیاسیەکان بەگوتارێکی هاوبەش و بەپشتبەستن بەئەزموون و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان گرفتەکان چارە سەربکەن.
- سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان فشار بخەنە سەر لایەنە ناکۆکەکان بەتایبەتی پارتی دیمکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان کە بەداخەوە کێشەکە کراوەتە کێشەی ئەو دوو لایەنە لەکاتێکدا کێشەی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆو هەوڵدان بۆ دەرچوون لەچوارگۆشەی یەکەم کەبەداخەوە دوای سەرهەڵدانی ململانێکان گەڕاینەوە چوارگۆشەی یەکەم و بۆ ئەمەش پێموایە پێویستە جەماوەر ڕۆڵی بابەتیانەی خۆی ببینێ و فشاربخاتە سەر حزبەکان بۆ ئەوەی هەنگاوی جدی بینێین بە ئاراستەی چارەسەرو بە گەڕختنەوەی پەرلەمان و باشکردنی دۆخی سیاسیی و ئابوری هەرێم.

بەڕێز **ماجد عوسمان، لە فراکسیۆنی هەولێری تورکمانی** وتی:

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:** بەڕای من یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان هاوکاری سەرەکییە بۆ پەککەوتنی پەرلەمان و ئەگەر هەندێ بەند لەو یاسایەدا هەموار نەکرێتەوە پێموایە بەبەردەوامی لە هەموو خولەکاندا کێشەو گرفت دروست دەبن، بۆ نموونە دەبێ چاو بە تەمەنی ئەندامان و بەتایبەتیش سەرۆکی پەرلەمان بخشێندریتەوە، بەداخەوەئەوەی لەو خولەی پەرلەماندا تێبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆر هەرزەکاری سیاسی دوور لە هەموو بنەماکان و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێزنەگرتنی گەورە و بچوکی و بەناوی گەنجانی ئازادییخواز و بنیاتنانی دەوڵەتێك یاسای تیادا سەروەر بیت ، لەبیر کردن و بەکەم زانینی خەبات و تێکوشان و قوربانی دانی هەزارەها خەڵك، سەرەڕای هەمووی نەبوونی یا لاوازی ئینتیمای نیشتیمانی و منافسە کردن لە موزایدەی سیاسی و دەرکەوتن لەسەر شاشەکان و خوێندنەوەی داتا و ژمارەی هەڵەو راگەیاندنی هەواڵی نادروست و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر و هاندانی خەڵك لە دژی حکومەت وسەرکردەکان و رەچاو نەکردنی باری سیاسی و ئابووری هەرێم و حساب نەکردن بۆ تەهدیداتی داعش و دژایەتی کردنی حکومەتی فیدرالی لە بەغدا بۆ هەریم ، ئینجا نەگواستنەوەی راستیەکان وەك خۆی، وای کرد کە یاسا هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێت و هەموو کاردانەوەکان بە دوور لە یاسا و بەهێز و یەکتری قبول نەکردن کاری لەسەر بکرێت، بەڵام ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدەست کەسانێکی بە ئەزموون و شارەزا ببوایە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەو کاری سیاسی ، هەرگیز

نەدەکەوتە ژێر باڵی توندوتیـژی و پێشـیلکردنی یاسـاکان کـە هـەموو کەسـێك لێـی بێـزارەو هـەموومان بـاجی دەدەین، جا ئەگەر ئەو بەرێزانە کاروچالاکیەکانی حزبەکانیان نەگواستبایە هۆلی پەرلەمان و ئەو هۆڵەیان وەك مەکتـەبی سیاسـی حزبـەکان نەزانیبایـە ئـەوکات رێزیـان لەسـوێندەکانی خۆیـان دەگـرت و راسـتگۆ دەبـوون بەرامبەر خوا و خەلکی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هۆڵی پەرلـەمان بـووە هـۆڵی ململانـێ سیاسـیەکان، بۆیـە هەتا پرۆژەو یاساکانیش لەبەرژەوەنـدی خەڵکدا نـین و پـڕن لـە کـەموکوڕی و حکومـەتیش ناتوانێـت پێـوەی پابەندبێت یا جێبەجیکردنی ئەستەمە.

**وەڵامی پرسـیاری دووەم:** بێگومـان مـن پێموایـە لەئێسـتاوە کاریگـەری هـەبووەو ئەگـەر بـەو شـێوەیەش بەردەوام بێت کاریگەرییەکان زیاتر دەبن و کێشەکان قولتر دەکەن و لە کۆتاییشـدا کوردسـتانیان زەرەرمەنـد دەبن ودوارۆژیشمان سەخت و ناخۆش دەبێت.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم:** باشترین چارەسەر کە پێموایە پێنج حزبەکە پێی رازی نابن ئەوەیە کەلـە دوایـین کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەل پارتـە سیاسـیەکانی کوردسـتان پێشـنیارم کـرد کـە، هـەر پێـنج حزبەکـە دەسـت لـە پەرلـەمان بکێشـنەوەو رێگەبـدەن بـە پێکهاتـەکان و تـاك کورسـیەکان بۆخومـان لەسـەر سەرۆکایەتییەکی نویێ بۆ پەرلەمان رێك بکەوین، چونکە تاکو ئێستا بەحسابی زۆرینەو کەمینەو پێنج قـولی و سێ قولّی کاریان کردووە و شکستیان هێناوە، خـۆ کوردسـتان تـەنها مـولکی ئـەوان نیـە هـی هـەموو خـەلکی کوردستانە، بەڵام ئەوان باوەڕیان بەپێکەوە ژیان نیەو دڵنیاشم زوریش دڵنیام مەحاڵە ئەو پێـنج لایەنـە بگەنـە یەکتر.

## هۆکارەکانی پەکخستنی پەرلەمان

١- گرفت لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە پێی یاسای ژمارە (١٩) ی (٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣) کۆتایی هاتبوو. ئەمە لەکاتێکدا ناکۆکی لە یاساکانی هەرێمدا هەبوو، بۆ نمونە کاتێك یاسای ژمارە (١٩) ساڵی (٢٠١٣) دەرچوێنرا لە ماددەی یەکەمدا ئاماژە بەوە دەکات لە (٢٠١٥/٨/١٩) کۆتایی دێت، بەڵام لە ماددەی دووهەمدا دەڵێ لە ڕێگای پرسی دەستورەوە بە سازان چارەسەری ئەو پرسە بکرێت، کەچی ماددەی دووهەم جێ بەجێ نەکرا. بۆ ئەمەش پارتی هەوڵی دەدا لە دەرەوەی یاسا ویلایەتی سەرۆکی هەرێم درێژە پێ بدات.

٢- تێکچونی سازان و تەوافوقی سیاسی پێشوەختە لە نێوان لایەنە سیاسیەکان، هۆکارێکی پەکەوتنەکەیە.

٣- عەقلیەتی سیاسی لەکوردستان تا ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەپەرلەمان وەك دەزگایەکی شەرعی و هەڵبژێردراوی خەڵك بە مەرجەعی خۆی بزانێت. بۆیە لەسایەی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە لەکوردستان هەیە پەرلەمانی بەم دەردە چوو.

٤- لاوازیی کولتور و بنەماکانی دیموکراسیەت لای هێزە سیاسیەکان، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت زۆربەیان لەو گرێ دەروونی و مێژوویيانەی لە رابردوودا هەیانبووە دەرباز نەبوونە.

٥- پابەند نەبوونی حکومەت بەو یاسایانەی لەپەرلەمانەوە دەرچوون و بەسوك و بێبایەخ سەیرکردنی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە.

٦- لاوازی و نەبوونی فەلسەفەی یەکتر قبوڵکردن و دیموکراتیی لەلایەن هێزە سیاسیەکانەوە، لەبەرامبەردا رەت کردنەوەی یەکتر و بوونی عینادیی سیاسیی نێوان لایەنەکان. بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە سالانێکە بۆ ئەم ئەزموونە حوکمرانیە دەکرێت.

٧- بەبنبەست گەیشتنی وتوویژەکان، لایەنەکان رایانگەیاند ئەم پرسە دەبەنەوە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەم پرسە لەپەرلەمان موناقەشە نەکریتەوە پەرلەمانیان پەکخست.

٨- بوونی هەیمەنەی حزبی و لەپاڵیا سەربازیی لایەنەکان بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا و هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئەجێندای تایبەت بەخۆیان، هەولێری پایتەختیش بەشێك بوو لەوە کە پەرلەمانی لێ بوو و پەرلەمانی تیادا پەکخرا.

٩- هەوڵدانی پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە لە وەزیرەکان، کە ئەمەش لەلایەن حکومەتەوە قابیلی قبوڵ نەبوو.

١٠- كاركردن له پەرلەمان بەعەقلیەتی براوە و دۆڕان و دروستكردنی بەرە دژی یەكتر، كە هۆڵی پەرلەمان كرابوو بە هۆڵی ململانێ لایەنە سیاسیەكان بۆ جێبەجێ كردنی ئەجێندای حزبییان و چالاكیەكانی حزبەكانیان گواستبویەوە هۆلی پەرلەمان.

١١- ئەو هێزانەی كە لە ئۆپۆزسیۆنەوە چووبوونە ناو كایەی دەسەڵات، دەستبەرداری ئەو نەفەس و دەربڕینانە نەبوون كە لەزەمەنی ئۆپۆزسیۆن بووندا هەیانبوو، ئەمە لەكاتێكدا خۆیان بەشداری حكومەتیش بوون.

١٢- بیانوی رێگری كردن لە گوستنەوەی خۆپیشاندانەكان بۆشاری هەولێر رێگری لەسەرۆكی پەرلەمان كراو دوواتر پەكخستنی پەرلەمانی لێ كەوتەوە.

١٣- ململانێ و موزایدەی سیاسی و دەركەوتن لەسەر شاشەكان و خوێندنەوەی داتا و ژمارەی هەڵەو راگەیاندنی هەواڵی نادروست و جیاجیا بەپێی بەرژەوەندی حزبیان.

١٤- كەم ئەزموونی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان و خوێندنەوەی هەڵەیان بۆ واقیعی سیاسیی كوردستان، كە ئەم رووداوە نەخوازراوانەی لێكەوتەوە.

١٥- جیاوازیی و دووفاقیی وتاری لایەنە سیاسیەكان، كە لەپەرلەمان بە جۆرێك و لە كۆبوونەوەی حزبەكانیشدا بەجۆرێكی تر هەڵسوكەوتیان دەكرد.

**کاریگەرییە خراپەکانی پەککەوتنی پەرلەمان لەسەر ئاساتی ناوخۆ و دەرەوە:**

١- پەککەوتنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- پەککەوتنی دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێم، وەك پەرلەمان کە سەرچاوەی شەرعیەتی کۆی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، و دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش لەژێر پرسیاردایە. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی خەڵك متمانەی بە کۆی دامەزراوەکانی هەرێم نەمێنێ.

٣- لەغیابی پەرلەماندا حکومەت کۆمەڵێك هەنگاوی نایاسایی نا بەبێ ئەوەی لێی بپێچرێتەوە یا رێگریی لێ بکرێت، بۆ نمونە کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران و پێنەدانی ئەو موچە کەمکراوەیەش.

٤- لەکەدار بوونی ناوبانگی سیاسیی هەرێم لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، پەکخستنی پەرلەمان هەموو ئەو پروپاگەندانەی پوچ کردەوە کە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەکرا گوایە دورگەیەکی دیموکراسیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

٥- درووستبوونی ناسەقامگیری سیاسی ناوخۆ.

٦- چاودێری نەکردنی حکومەت وە دەرنەکردنی یاسا و بڕیار، دەرکردنی بڕیاری چاکسازی بەبێ پەرلەمان، نەبوونی پەرلەمان لەئێستادا پرۆسەی یاسادانان و چاودێریکردنی حکومەتی ئیفلیج کردووە.

٧- بێ نرخکردنی دەزگای پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەبەرچاوی خەڵك و پەیرەوکردن و سەپاندنی سیاسەتی سك هەلگوشین بەسەر فەرمانبەران و هاووڵاتیان بەگشتی، هەروەها بەتاڵ کردنی بانکە ئەهلی و حکومیەکان و بڵاوکردنەوەی هەژاری و قەتیس کردنی بازاڕو شاڵاوی کۆچ کردن بۆدەرەوەی وڵات و هێشتنەوەی پارەو دراو لەبانکە کەسی و حزبیەکان و بڵاوبونەوەی بێکاری.

٨- غیابی پەرلەمان کاریگەریی خراپی لەسەر گۆڕانکارییە چارەنوسسازەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەت مەسەلەی ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان کە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی مەزن بەڕێوەیەو پێویستە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات.

٩- ئەگەر پەرلەمان هەبوایە بەرپرس دەبوو لەدۆزینەوە و چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ناهەموارەی هەرێم، دەبوایە یا رێگە چارە دەستنیشان بکات یا لەحکومەت بپرسێتەوە یا متمانەی لێوەربگرێتەوەو حکومەتێکی تازە پێك بهێنرێت.

١٠- باوەڕی خەڵك بە هەڵبژاردن پرسی دیموکراسی لاواز بووەو بەرەو نائومیدی دەچێت، ئەگەر نموونەیەك لەسەر تۆماری بایۆمەتری وەربگرین تا ئێستا لە (سلێمانی ٧٪، لە هەولێر ٤٪، لە دهۆك ١١٪)ی خەڵك چووە، ئەوە ئابڕوو چونێکی گەورەی ئەم دەسەڵاتەیە کە هاووڵاتیانی ئەوەندە نائومێد بن لێی.

١١- پەرلەمان نەیتوانیوە ئەرکە سەرکیەکانی خۆی ئەنجام بدات لە دەرچواندن و هەموارکردنەوەی یاسا و بڕیارەکان و چاودێریکردنی حکومەت و بڕیاردان لەسەر بودجەی ساڵانە.

## ڕێکارەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمان:

١- سەرجەم لایەنە سیاسیە سەرەکیەکانی پەرلەمان، پیاچوونەوەیەکی بنەڕەتی بکەن بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- چارەسەری گرفتی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت، چونکە بەبێ ئەوە پەرلەمان کارا نابێتەوە.

٣- پێویستە جەماوەر ڕۆڵی بابەتیانەی خۆی ببینێ و فشار بکات بۆ گەرانەوە پێنج لایەنە بەشداربووەکە حکومەت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ نەك بەتەنها فشار لە پارتی و گۆڕان چونکە ئێستا وا نیشان دەدرێت کێشەکە تەنها هی ئەو دوو لایەنەیە، بەڵام لە ڕاستیدا کیشەکە لە نێوان هەر پێنج لایەنە بەشداربووەکەیە، بۆیە گرنگە فشارەکان بەگشتی بێت و ئامانجیش هەنگاونانی جدی بێت بەئاراستەی بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و باشکردنی دۆخی سیاسیی و ئابوری هەرێم.

٤- نابێت دەرگای گفتوگۆ دابخرێت و دەبێت لایەنە سیاسیەکان لەسفرەوە دەست پێ بکەنەوەو مەلەفاتی کۆن بەجێ بهێڵن و سازانێکی نوێ درووست بکەن بۆ بەرژەوەندی میللەت. ڕێککەوتنی نوێ کەهەموو هێزەکان سازش بکەن و داوای هەموان بێتە دی، دانیشتنە پێنج قۆڵیەکان دەست پێبکەنەوەو هەریەك لە لایەنەکان بەشێك لە سەقفی داواکارییەکانیان بێنە خوارەوە.

٥- بۆ هێنانەوە کایەی زەمینەیەکی باشی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان دەبێت دۆخەکەی ئاسایی بێتەوە، یەکەم هەنگاویش کارا بوونەوەی پەرلەمانی کورستانە، کە پەرلەمان کارا بووەوە لەسەر مێزێکی نیشتیمانی دابنیشین بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ هەموو کێشەکان.

٦- کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت و لەسەر بنەما هاوبەشە گشتیەکان ڕێك بکەون.

٧- ئەگەر گرفت و کۆسپ ئەو دەستەی سەرۆکایەتیەی پەرلەمانە، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی هەرێم ڕێڕەوی تەندروستی خۆی بگرێت، هەڵبوەشێنرێتەوەو دەستەیەکی تازە بەڕێکەوتنی هەموو لایەنەکان پێك بهێنرێت.

٨- هەولێر لەژێر یەك ئیرادەی حزبیدا نەبێت، چونکە تا بەو شێوەیە بمێنێتەوە بەدڵنیاییەوە ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین کەپەرلەمانێکی چالاکی دڵخوازی خەڵکمان هەبێت، دەسەڵاتێکمان هەبێت لەخزمەتی خەڵك بێت، بەڵکو هەمیشە دەزگاکانی حوکم لەهەرێم لەقازانجی یەك حیزبدا دەبێت.

٩- دارشتنی ڕێککەوتنێکی سیاسیی نوێ لە نێوان هەر پێنج لایەنە سەرەکیەکە لەسەر بنەمای تەوافوق لە پەرلەمان و شەراکەت لە حکومەتدا لە دوای دانوستاندنێکی راشکاوانە و گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوانیادا.

١٠- کارکردن بۆ هەڵبژاردنێکی نوێی پاك و بێگەرد، کە تیایدا پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەراندا بکرێت و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەکتیڤ بکرێت، چونکە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان (٢٠١٧) نزیك بۆتەوە.

١١- سیستمی سیاسی وڵات دیاری بکرێت و هەمووان بەرامبەر یاسادا یەکسان دەبن.

١٢- رووبەروو بوونەوەی قەیرانەکان و دانانی میکانیزم بۆ چارەی رێژەیی یان ریشەیی، بەتایبەت قەیرانی دارایی لەلایەن سەرجەم لایەنەکانەوە.

١٣- شەفافیەت لە داهات و بەتایبەت نەوت و ئاشکراکردنی بڕی داهات بۆ خەڵك کە بەدگومانییەکی زۆر لای خەلك دروستبووە بەهۆی ئەوەی بەردەوام نەوت بۆ دەرەوە دەڕوات و داهاتەکەی دیار نیەو موچەی فەرمانبەرانیش بەئەستەم دەدرێت.

١٤- بیرکردنەوە لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و خوێندنەوەی دروست بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان کە لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەیەك هەڵوێستی و یەك ریزی ماڵی کوردی هەیە و دەکرێ بە سود وەرگرتن لەدەرفەتەکان و ئەو بارودۆخەی لەناوچەکە هاتۆتە پێش حزب و لایەنە سیاسیەکان بەگوتارێکی هاوبەش و بەپشتبەستن بەئەزموون و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان گرفتەکان چارە سەربکەن.

# ئەنجام

١- پرسی سەرۆکایەتی هەرێم کە هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکانی هەرێمـەو تـا ئێسـتا بـە هەلپەسـێردراوی ماوەتەوە.

٢- پەرلەمانی کوردستان بەهۆی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لە رووی یاساییەوە پـەکی کـەوتووە، هـەر بۆیە ناتوانێت هیچ یاسایەك دەربکات. وە ناتوانێت لێپێچینەوە لـە دەسـەلاتی جێبـەجێکردن بکـات، و وێـرای قەیرانی دارایی سێ ساڵە نەیتوانیوە بودجەی هەرێم پەسەند بکات.

٤- پەکخسـتنی پەرلـەمان بـەم شـێوازە دەبێتـە هـۆی پاشەکشـەی دیموکراسـیەت و شـەرعیەتی یاسـایی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

٥- پەکخستنی پەرلەمان دەبێتە هۆی بێ متمانـەیی خـەلك بـە پەرلـەمان وەك بـالاترین دەزگـای هـەرێم و باوەڕی نەمان بە دەنگدان و هەڵبژاردن.

٦- لیژنـەکانی پەرلـەمان لـەماوەی ئـەم خـولی گرێدانـەدا هـیچ بەدواداچـوون و کۆبوونەوەیـەکی ئـەوتۆیان نەکردووەو راپۆرتیان لەسەر پرۆژەیاساکانیش نەنوسیوەو بە ئەرکی خۆیان هەلنەساون.

٧- پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت یەکێك لە هۆکاری قەیرانەکانە، لەکاتێکدا سندوقی داهاتە نەوتیەکان کە یاسـاکەی لـە پەرلـەمان پەسـەندکراوە، بـەلام پێکهێنـانی ئەنجومەنەکـەی و متمانـەدان بـە ئەندامـەکانی لـە پەرلەمان پەکخراوەو هۆکاری دەستنیشان نەکردنی ئەندامەکانیش لەوکاتەدا ململانێی حزبـە سیاسـیەکان بـوو لەسەر پشکیان لەو ئەنجومەنەدا.

٩- نادیدەگرتن و پشتگوێ خستنی رۆڵی پەرلەمان لەلایەن حزبەسیاسیەکانەوە، کە حیساب بۆ بڕیـار و را و راسپاردەکانی نەکراوە بەتایبەت لەمەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا.

١٠- پەرلەمان لە ئاست لێپێچینەوە لـە دەسـەلاتی جێبـەجێکردن لاواز بـووە و لـەو ماوەیـەدا نـەیتوانیوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە.

١١- جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێ کردنەوە.

١٢- بونی قەیران گـەلێك لـە هـەرێم، وەسـتانی پرۆسـەی سیاسـی، پەککـەوتنی دامودەزگـا شـەرعیەکان، پەکخسـتنی پەرلـەمان، بۆشـایی یاسـایی سـەرۆکایەتی هـەرێم، هـەنگاونانی نایاسـایی حکومـەت و لەیاسـا دەرچوون، قەیرانی دارایی و خراپی گوزەرانی هاووڵاتیان و بێ موچەیی، و ناشەفافی داهات بەتایبەت نـەوت و گـاز و بـون و کەڵەکـە بـوونی قـەرزێکی زۆر بەسـەر شـانی هەرێمـەوە، نیشـانەی بێبـاکی هێـزە سیاسـیە سەرەکیەکان و بێبەرنامەییان و دەستەوەستانیانە لەئاست ئەم هەموو گرفت و قەیرانەدا.

# پاشکۆ

## پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا

( ٢٠١٦/٨/٣١-٢٠١٣/١١/٦ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٧١ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٢٠٠ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێکراو | ١١٧ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٨٣ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٥٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ١٨ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٧ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٢ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ١٩ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٣٩٧ |
| ١٤ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٢١ |
| ١٥ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٤٤ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ١٩ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ٩٧٠ |


پێشێلکاری یاسایی و
پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان
راپۆرتی چوارەم

چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

PAY INSTITUTE
پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان

الخروقات القانونية
حيال برلمان كوردستان و تعطيله

مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني

مراقبة وتقييم
اعمال البرلمان الكوردستاني

چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
پەرلەمانی کوردستان

Legal Breaches
of the Kurdistan Parliament
and its Paralysis
The Fourth Report

Monitoring and Evaluation
For The Kurdistan Parliament

مراقبة وتقييم أعمال
البرلمان الكوردستاني

Monitoring and Evaluation
For The Kurdistan Parliament

مراقبة وتقييم أعمال
البرلمان الكوردستاني

چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
پەرلەمانی کوردستان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە (٢٠١٣/١١/٢٦) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومیی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەواییەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوارو ئاستەکاندا. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی دروست بکات بۆباشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیا جیا کانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵەمە دەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لەهەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە :

١.پابەندبوون بە پەیمانامە و رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ.

٢. پابەندبوون بەدیموکراسی و رێزگرتن لەسەروەریی یاسا.

٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.

٤. پەیوەست بوون بەبێلایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی.

٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری،و پاراستنی تایبەتمەندی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوت:

### ١.(پرۆژەی شەراکەتی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا، هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بڕیاری ژمارەی (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ وۆرك شۆپ +کۆبوونەوە لەگەڵا ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو.

### ٢. (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

چاودێری کارەکان و هەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی، ئەم پرۆژەیە لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی بەرکارەکانی کردووە، شەش مانگ جارێك راپۆرتێك بڵاودەکاتەوە، تا ئێستا (٦) راپۆرتی بڵاوکردۆتەوە.لە ئێستادا پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)بەردەوامە لەکارەکانی .

### ٣. (ورك شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە وۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی دیاردەی واز هێنان لەخوێندن لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەسترا.

### ٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی پەروەردە یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری پەی، یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٥ حوزەیرانی ٢٠١٤,) بە میوانداری وەزیری پەروەردە وئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆڕی پەروەردەیی، راپۆرتەکە پێشکەش کرا،لەدانیشتنەکەدا وەزیری پەروەردە بڕیاردریدا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵانەی ئەنستیۆتی پەی ئاماژەی پێ کردووە و داواشی کرد ماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کار لەسەر راسپاردەکانی ناو راپۆرتەکە بکەن.

### ٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکە لەپرۆژەکانی چاودێری ئەنستیۆتی پەی، یەکەم راپۆرتی ئەم پرۆژەیە لە (٢٢تموز ٢٠١٤,) بە میوانداری وەزیری خوێندنی باڵا و ئامادەبوونی (٨٠)کەس لە سەرۆك و مامۆستایانی زانکۆکان و نوێنەری رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندنراپۆرتەکە پێشکەش کرا، لەدانیشتنەکەدا وەزیری خوێندنی بالا بڕیاریدا راپۆرتەکە بنێردرێت بۆ سەرجەم زانکۆکان بۆ ناردنی راو پێشنیاریان لەسەر راپۆرتەکە و کیشەکانی خوێندنی باڵا و بەڵێنی بەدواداچونی راسپاردەکانیشیدا .